

گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1350 (PP 150-169)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.8

توێژینەوە

# ئێلی بلْباس و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠)

**بەختیار مصطفی هومر/** بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر ،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**دلْشاد محمود عبدالرحمن/** بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر ،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

## پوختە

ئێلی بلْباس لە سەدەی نۆزدە یەکێتییەکی هۆزایەتی بوو، لە هۆزەکانی: مامەش، مەنگوڕ، پیران، سن، ڕەمک، هورمزیار و گەورک پێکهاتبوو، بە زۆری بە شێوازی کۆچەری و نیمچە کۆچەری لە نزیک ناوچە سنوورییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی لە ولایەتی موسڵ و شارەزوور، دەوڵەتی قاجاری لە هەرێمی موکریانی گەرمیان و کوێستانیان کردووە، بۆیە زۆرترین کات لە لایەن ئەم دوو دەوڵەتەوە دووچاری هێرش و پەلاماردان بوونەتەوە، ئەمەش ناچاری کردبوون لە دۆخێکی نائارام و یاخیبوون و ڕاپەڕیندابن و بەشداری هەر جووڵانەوە و شۆڕشێک بکەن، کە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە، بە ئامانجی ڕزگاربوون لەو زوڵم و ستەمەی لە لایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە لێیان دەکرا، هەر لەو سۆنگەیەوە بەشداریی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵایان لە ساڵی (١٨٨٠) کرد و لەشکری هۆزەکانی بلْباس، بە تایبەتی لە بەرەی موکریان بوونە سەرە ڕمی لەشکری شۆڕشەکە و بەشدارییەکی گەورە و کاریگەرییان تێدا کرد، دوای شکستی شۆڕشەکەش حکومەتی قاجاری بە شێوەی دڕندانە و ترسناک پەلاماری خەڵک و گوند و ئاواییەکانی هۆزەکانی بلْباسی دا و کوشتار و وێرانکاری و تاڵانی زۆری تێداکرد، هاوکات خەڵکێکی زۆری هۆزەکانی بلْباس تووشی ئاوارەیی بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی و ژیانێکی پڕ لە دەردەسەری بوونەوە، ئەم بارودۆخە جێگەی سەرنج و پرسیاری توێژەران بووە، کە ئاخۆ دەوڵەتی قاجاری بە چ گیانێکی ڕەق و تۆڵەساندنەوە کەوتبێتە گیانی خەڵکی ناوچەکانی شۆڕش بەگشتی و ناوچە بلْباس نشینەکان بە تایبەتی، لەو سۆنگەیەوە بە پێویست زانراوە بە دوای زانیاریی ناو بەڵگەنامەکانی ڕۆژانی شۆڕش لە ئەرشیفی عوسمانی و قاجاری بگەڕێین تاوەکو ئەو ماڵوێرانی و کارەساتە پیشان بدەین،کە بەرانبەر بە خەڵکی ناوچەی موکریان و هۆزەکانی بلْباس کراوە و لە مێژووی نەتەوەکەماندا بە فەرامۆشکراوی نەمێنێتەوە.

CORRESPONDENCE
بەختیار مصطفی هومر
bakhtyar.homar@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/07/24
پەسندکردن 2023/10/23
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئێلی بلْباس،
هەمزاغا،
عوسمانی و قاجاری،
شێخ عوبەیدوڵڵا.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٣٠-١٨٨٣)، پێگە و کاریگەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا بەجێهیشتووە، بوو بە جێگەی باس و گرنگی پێدانی زۆری دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە لایەک، دەوڵەتانی زلهێزی ئەو کاتەی جیهان لە لایەکی دیکەوە، ئەم شۆڕشە هەرچەندە ڕەهەندێکی نەتەوەیی گەورە لە پشتییەوە بوو، بەڵام هاوکات مۆرکێکی هۆزایەتی پێوە دیار بوو، بە تایبەتی لە شێوازی پێکهاتە و ڕێکخستن و لەشکری شۆڕشەکە، کە لە هۆزە کوردەکان پێکهاتبوو، تەنانەت هۆزەکان بە بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکە دادەنران لە دابینکردنی توانا مرۆیی و دارایی و لۆجستیەکاندا. لەم بوارەشدا زۆرێک لە هۆزەکانی ئێلی بڵباس بە ئامانجی ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی قاجارەکان، بەشدارییەکی فراوان و کاریگەرییان لە شۆڕشەکەدا کرد، تەنانەت هەمزاغای مەنگوڕی ئێلی بڵباس ئەرکی سوپاسالاری لە قۆڵی موکریان پێدرا بوو، دەبوو لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵادا (١٨٥١-١٩٢٥)، هەرێمی موکریان تا دەگاتە تەورێز بگرن، تەنانەت دوای شکستی شۆڕشەکەش بەشێک لە هۆزەکانی بڵباس ژیانی ئاوارەییان هەڵبژارد و هەر بەلایەنگری شۆڕش مابوونەوە و چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بوون.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

نەبوونی تەرخانکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند لەم بارەیەوە بۆ دەرخستنی ئەو بەشدارییەی  ئێلی بڵباس و پیشاندانی ئەو کوشتوبڕ و تاڵانی و ئاوارەییەی دووچاری بڵباسەکان هاتووە، هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە بۆ توێژینەوە.

**گرنگیی بابەتەکە:**

گرنگی ئەم بابەتە ئەوەیە، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە لەسەر بەشداریی بڵباس بەدەست کەوتووە، کە دەبێتە گۆشەنیگایەکی نوێ بۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دەرهاویشتەکانی بەسەر هۆزەکانی ئێلی بڵباسەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لەم پێشەکییە و پێنج تەوەرە و ئەنجام پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە (زەمینەی سیاسی و هۆزایەتی کوردستان پێش هەڵگیرسانی شۆڕش) کراوە و بارودۆخەکە شیکراوەتەوە، لە تەوەرەی دووەمدا (پێشینەی پەیوەندی هۆزەکانی بڵباس بە بنەماڵەی شێخانی نەهری) باسکراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە ئامادەبوونی ئێلی بڵباس کراوە لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی ئەنجامدانی شۆڕشدا، تەوەرەی چوارەم بۆ بەشداریکردنی ئێلی بڵباس لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی (١٨٨٥) تەرخانکراوە و لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا ئاستی بەشداریی هۆزەکانی بڵباس ڕوونکراوەتەوە، لە تەوەرەی پێنجەمدا لێکەوتەکانی شکستی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا  لەسەر هۆزەکانی بڵباس و هەڵوێستی دەوڵەتی قاجاری بەرانبەریان باسکراوە، ئەو کارەسات و کوشتوبڕەی حکومەتی قاجاری بەرانبەر خەڵک و هۆزەکانی کورد بەگشتی و ئێلی بڵباس بە تایبەتی ئەنجامی داوە خراوەتەڕوو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیە، بە سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، پشت بە میتۆدی مێژوویی و شیکاری بەستراوە.

**١- زەمینەی سیاسی و هۆزایەتیی کوردستان پێش هەڵگیرسانی شۆڕش[1]:**

یەکەمین ڕێکەوتنامەی ئەرزڕۆم (١٨٢٣) و دووەمین ڕێکەوتنامەی ئەرزڕۆم (١٨٤٧)، بوونە هۆی خاوبوونەوەی گرژییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و کەمتر کاریان بە کورد مابوو، هەربۆیە سوڵتانەکانی عوسمانی و شاکانی قاجار لەوماوەیەدا، کەوتنە لەناوبردنی میرایەتیی میرنشینەکانی کوردستان و بە لەشکرکێشی و زنجیرە شەڕ و تێکهەڵچوونی خوێناوی، دەسەڵات و میرنشینە کوردییەکانیان کۆتایی پێهێنا و لە جێی ئەوان دەسەڵاتێکی ناوەندی عوسمانی و قاجارییان تێدا دامەزراند، کاربەدەستانی نا کوردییان لەو ناوچانە کردە فەرمانڕەوا، بێ ئەوەی لە تایبەتمەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی کوردستان تێبگەن، کەوتنە بەڕێوەبردنێکی نەشارەزایانە و زاڵمانەی کوردستان، بە ئارەزووی خۆیان و بێ پەروا دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی خۆیان و باج و سەرانەی زۆرتریان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەر خەڵکی کوردستان زیاد دەکرد(حەمە باقی- أ، ٢٠٠٧، ل١٠). ئەمەش وایکرد لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا هەشتاکانی هەمان سەدە، کوردستان هیچ ڕاپەڕینێکی گەورە بەخۆیەوە نەبینێت، تەنانەت

ئەو ڕاپەڕین و ناڕەزاییانەی لە لایەن ئێڵ و هۆزەکانەوە دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی ئەنجام دەدران زۆر بە ئاسانی دادەمرکێنرانەوە(عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، ل١٣٧).

هەرچەندە کوردستان ژینگەیەکی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی هەبوو، بەڵام بە لە ناوبردنی میرنشینە کوردییەکان، هۆز و خێڵە کوردییەکان بێ پشتیوان و سایە مانەوە و لە جاران زیاتر کەوتنە بەر تەماع و پەلاماردان و باج لێسەندن لە لایەن دەوڵەتانی عوسمانی و قاجارییەوە، هەربۆیە ئەم بارودۆخە زیاتر زەمینەیەکی لەباری بۆ دەرکەوتنی شێخەکان وەک ڕێبەرانی سیاسی خۆش کرد. لەوانە شێخانی شەمدینان بە ڕابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی شێخ تەها دەرکەوت و دەسەڵاتی تەواو بەسەر ئەو هەرێمانەدا بڵاوبووەتەوە، کە پێشووتر لەژێر دەسەڵاتی میرانی بۆتان، بابان، هەکاری و ئەردەڵاندا بوون، هەروەک چۆن بەهەمان شێوە شێخانی بەرزنجەش دەبنە شوێنگرەوەی میرانی بابان و شێخانی بارزانیش دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی میرنشینی بادینان و هەکاریدا بڵاو کردەوە(جوەید، ٢٠٠٧، ل٩). واتە شێخ عوبەیدوڵلا بە پێچەوانەی ڕێبەرانی دیکەی پێش خۆیەوە، کە ڕاپەڕین و شۆڕش و یاخیبوونیان لە سنووری میرنشین و ناوچەکانی خۆیان تێپەڕی نەکردووە، بەڵام ئەم وەک شێخێک و پیاوێکی ئایینی، هەتا لەو ناوچانەش کە لە ژێر فەرمانی سەرۆک هۆزەکاندا بوون، بەدەسەڵات بوو، بۆیە توانی زۆربەی سەرۆک هۆز و دەسەڵاتداران و جەماوەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان یەک بخات و شۆڕشێک بەرپا بکات، کە سنووری ناوچەکەی خۆی و کوردستانی بندەستی عوسمانی تێپەڕاند و بەم کارەش کێشەی کوردی، لە کێشەیەکی ناوچەیی و ناوخۆییەوە، کردە کێشەیەکی نشتیمانی و نەتەوەیەکی دابەشکراو و داگیرکراوی نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٥).

شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی پەیوەندی بە ئێڵ و هۆزەکانی کوردستانەوە کرد، شێخ دەیزانی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و یەکگرتوویی کوردستان لە ڕێگای یەکگرتنی ئێڵ و ناوچەکانەوە دەبێت، چونکە داگیرکردنی کوردستان بونیادی یەکێتی نێوان کوردانی بە جۆرێک شێواند بوو، کە نەک تەنیا کوردی بەسەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران، بەڵکو بەسەر چەند شێوەزار، ئاین، فەرهەنگ و سەدان ئێڵ و هۆز بە قازانج و بەرژەوەندیی داگیرکەران دابەش کرابوو(میهرداد، ٢٠٠٧، ل٥٦). ئەم هەوڵەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی دەردەکەوێت، کە دەڵێت: "شێخ لەو ئاخاوتن و نامانەی بەم دواییانە لەگەڵ هەموو سەرانی جیاجیای کوردانی سەر هێڵی سنووری ئێرانی، ئاڵوگۆڕی کردوون، بە ڕاشکاوی دەیەوێت پابەندی کوردان بۆ ئەوە بقۆزێتەوە، تا لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دایان ببڕێت و دەوڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆی کوردییان، بەسەرکردایەتی خۆیی لێ پێک بهێنێت و هەر بەم ڕێگایەش دەیەوێت، بە پەیمان و بەڵین، هەموو خێڵەکانی کورد بوروژێنێ و لەژێر ڕابەرایەتی خۆیدا، دژی ئێران بەکاریان بهێنێت"(جوەید، ٢٠٠٧، ل٢٣).

هاوشێوەی میرنشینە کوردییەکان، بڕبڕەی پشتی توانا سەربازی و مرۆییەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، لە ئێڵ و هۆزە کوردییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ژمارەیەکی زۆری لە ئێڵ و هۆزە کوردییەکانی بە مورید و شوێنکەوتە لە خۆی کۆکردبووە، بەڵگەنامەیەکی قاجاری لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا پێنج ساڵ بەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەی، ناوی (سوڵتان ئەلعەشایری) لە خۆی نابوو، کەوتبووە سەر کەڵکەڵەی سەروەریی لە هەموو لایەکەوە، خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستە و چەک و چۆڵی شەڕ و سەربازیی بووە، لە ساڵی (١٨٧٧)، کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ڕووسیادا کەوتە شەڕەوە، شێخ عوبەیدوڵلا بە دەم بڕیاری بانگەوازی جیهادی عوسمانییەکانەوە چووە و بە (٣٠,٠٠٠) چەکداری کوردەوە بە تەپڵ و ئاڵاوە لە بەرەی قارس چوونەتە ڕیزی سوپای عوسمانییەوە، سوڵتانیش بڕیاری ڕێزگرتن و پێشوازی لە شێخ دەرکرد و چادر و کەرەستەی شەڕی بۆ ئامادەکردووە(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل٢٤-٢٥).

بەهۆی ئەم بەشدارییەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەو جەنگەدا، لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە پلەی سەرکردایەتیکردنی هۆزەکانی کوردی پێ سپێردرا، ئەمەش دان پێدانانێکی فەرمی بوو بە شێخ وەک ڕابەری کوردستان، کە لە دوای ساڵی (١٨٤٧)ەوە بە هیچ کوردێک ڕەوانەدیترا بوو و نکوڵی لێکرا بوو، شێخ عوبەیدوڵڵاش، کە خۆی لە ناوەندی ڕابەرایەتیکردنی ئەو خەڵکە زۆرەی هاونیشتیمانیەکانیدا بینیەوە، ئیتر ئامادە نەبوو هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم سەرۆکایەتییە ببێت(جوەید، ٢٠٠٧، ل١٣). بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە بۆ ڕۆژانی دوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا دەگەڕێتەوە و لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ باڵیۆزەکەیان لە ئەستەمبوڵ نێردراوە، ئاماژە بۆ ئەوە کردووە شێخ عوبەیدوڵڵا پێشتر وەک پەیڕەوێک لەگەڵ هۆزە کوردەکانی دیکەی هاوبیر و بڕواکانی خۆی جووڵەی دەکرد، بە هۆکاری جۆراوجۆر موڵک و سامانێکی زۆریشی بەدەست هێنابوو، بە بۆنەی جیهادەوە کۆمەڵانێکی لە دەوری خۆی کۆکردووتەوە و جەنگەکەی کردووەتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکانی، خۆی و هاوڕێکانی تا توانیان لەم ڕێگەیەوە سوودیان وەرگرتووە و چەک و چۆڵێکی زۆریان لە سەربازانی دەوڵەتی عوسمانییەوە پێ

گەیشتووە ( نصیری، جلد سوم، ١٣٧١، ص٢٠٤). بەڵام کاتێک سوپای عوسمانی لە جەنگەکەدا شکستی هێنا، کوردەکان بە خۆیان و ئەوچەکە (مارتینی)یانەی لە عوسمانیەکانیان وەرگرتبوو، گەڕانەوە ناوچە و شوێنەکانی خۆیان(ملك آراء، 1361، ص١٥٣).

ئەو بارودۆخەی دوای جەنگەکە هاتبووە ئاراوە، دەوڵەتی عوسمانی بەرەو خراپتر بردبوو، حکومەت نەیدەتوانی ناوچە کوردنشینەکان بەڕێوەببات و زۆربەی دانیشتوان لە بەردەم مەترسیی تاڵان و بڕۆ و توندوتیژی و ترسدا بوون، هەروەها بارودۆخی خەڵکی کورد لەناوچەکانی ژێردەستی دەوڵەتی ئێرانی باشتر نەبوو، ئەمەش دەنگی نارەزایی و بێزاری لە سەرتاسەری کوردستانەوە، بەرانبەر بە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرزکردەوە، بێگومان ئەوەش یەکێک بوو لەو هاندەرە بەهێزانەی، کە دواتر چارەنووسی بەرنامەکەی شێخی دیاریکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی شێخ خێڵە کوردییەکان لە خۆی کۆبکاتەوە و رایبگەیێنێت، کە ئەو دوو دەوڵەتە مافی ئەوەیان نییە حوکمی کوردستان بکەن(جوەید، ٢٠٠٧، ل٢٦). شێخ عوبەیدوڵڵا وەک کەسایەتییەکی ئاینی و نەتەوەیی گەورە دەرکەوت و ئەو بۆشاییەی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا هاتبووە ئاراوە پڕکردەوە و ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە ژیانی گەلی کورددا هەبوو(Keskin, 2017, P46). سەرباری ئەمانە چەندان هۆکاری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەبوون، کە پاڵنەری هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵا بوون(٢). ئەم بارودۆخەی ئاماژەی پێکرا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بەشداری و پەیوەندیی هۆزەکانی بڵباس بە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە.

## ٢- پێشینەی پەیوەندی هۆزەکانی بڵباس بە بنەماڵەی شێخانی نەهری:

پەیوەندی نێوان ئێڵی بڵباس و بنەماڵەی شێخانی نەهری، مێژووییەکی دێرینی هەیە و بۆ پێش شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠) دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ سەردەمی سەید تەها(؟-١٨٥٣)ی باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ محەمەد ساڵحی مامی، کە لەدوای مەرگی سەید تەها لە ماوەیی ساڵانی(١٨٥٣-١٨٦٥)دا جڵەوی ئیرشادی گرتبووە دەست، جەماوەرێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەگشتی و ناوچەکانی ورمێ، موکریان، سندووس و لاجانی بە تایبەتی بەدڵ و بەگیان لەگەڵدابوو، کە ئەم جەماوەرە لە جەنگەکانی پێشووتری، عوسمانی-ڕووسی، ئێرانی-ڕووسی بەناوی جیهادەوە لە دژی ڕووسیا پشتیوانیان لە هەردوو دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی کردووە(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٥١). (محمود محمود) (١٨٨١-١٩٦٥)ی مێژوونووس و کەسایەتی سیاسیی ئێرانی لە باسکردنی شێخ عوبەیدوڵڵادا دەڵێت: "شێخ ماوەیەکی زۆر لەنێو کوردەکان بانگەشەی تەقوا و پیاوچاکی دەکرد و هەندێجاریش ئاماژەی بە سەربەخۆیی کورد دەدا، کوردەکانی ئێرانیش لەگەڵیدا دەستیان تێکەڵ کرد بوو، ئەم پیاوە خاوەن زوهد و تەقوایە پەیرەوانێکی زۆری پەیدا کرد بوو، ترس و تۆقینی لە ناو کاربەدەستانی تاران دروست کرد بوو"(جلد چهارم، ١٣٥٣، ل١١٨٢). شێخ عوبەیدوڵا، وەکو شێخ و کەسایەتی، هەتا لەو ناوچانەش کە لەژێر فەرمانی سەرۆک هۆزەکاندا بوون بە دەسەڵات بوو، بۆیە هەندێک لەسەرۆک هۆزەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەویان بە(حەزرەتی شێخ) بانگ کردووە(حەمە باقی-ب، ٢٠٠٧، ل٧).

لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵادا لایەنگرانی بنەماڵەی شێخانی نەهری لەناو کوردانی ئێران بەگشتی و ناوچەکانی بڵباس نشین بە تایبەتی ڕوو لەزیادبوون کرد بوو، بە تەواوەتی گوێڕایەڵی شێخ بوون و بێ پسانەوە لە ناوچەکانی خۆیانەوە سەردانی بارەگای شێخیان لە گوندی (نوچە-ناوچیا) لە نەهری کردووە و کێشە و گازندەکانی خۆیان لە کاربەدەستانی ئێرانی و عوسمانی بردووەتە لای ئەو(بڕوانە: غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٢٨).

سەرباری ئەو بارودۆخەی لەسەرەوە باسکرا، هەرچی پەیوەستە بە دروستبوونی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان شێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزەکانی بڵباس، بە تایبەتیش هەمزاغای سەرۆک هۆزی مەنگوڕ [٣] بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە، کە لە هاوینی ساڵی (١٨٦٧) هەمزاغای مەنگوڕ بە هاوکاری هۆزەکانی دیکەی وەک: پیران، سن و ڕەمکی ئێڵی بڵباس ڕاپەڕین و جووڵانەوەیەکیان دژی زوڵم و ستەمی کاربەدەستانی قاجاری بەرپا کردووە، پەلاماری ساباڵخ و سەردەشتی داوە و زیانی پێگەیاندوون، دواتر پەنا بۆ خاکی عوسمانی بردووە و لە ناوچەی پشدەر و ڕانیە نیشتەجێ بووە، ئەمەش پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەتی بەرەو ئاڵۆزی بردبوو( BOA: HR_MKT__688_95_31_2[٤]). کاربەدەستانی ئێران لە سەر ئاستی ناو خۆ و دەرەوە بەپەلە کەوتبوونە ئامادەکاری ڕامیاری و سەربازی(NLAI-295-3516-3[٥]). تاوەکو ڕێوشوێنی پێویست دژی هەمزاغا بگیرێتە بەر، ڕاسپاردەی پێویستیان بۆ گەڕاندنەوە و ڕادەستکردنی هەمزاغای مەنگوڕ دەرکرد بوو، وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی قاجاری نووسراوێکی بۆ باڵیۆز و سکرتێری باڵیۆزخانەکەیان لە ئەستەمبووڵ ناردووە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە گەڕاندنەوە و ڕادەستکردنەوەی هەمزاغا هاوکاریان بکات(NLAI-295-3516-4).

دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر گوشاری دەوڵەتی قاجاری، هەمزاغای مەنگووڕیان لە کەرکوک دەستگیر کرد و لە (١٨٧٠/٤/٢٤) دەگوازرێتەوە بۆ بەغداد و لەوێ لە لایەن کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٤٦-٤٧). هەمزاغا لەو ساڵەوە لە بەغداد و ئەستەمبووڵ دەست بەسەر دەبێت، تا لە ناوەڕاستی ساڵی (١٨٧٧) ئازاد دەکرێت (BOA:

(HR_MKT__982_43_1_1. لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی هەمزاغا لە بەغداد و ئەستەمبووڵ لە لایەن عوسمانییەکانەوە بەند کرابوو، شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەندینخانەی ئەستەمبووڵ پەیوەندی پێوەکرد و بە هەوڵدانی شێخ محەمەد سەدیق کوڕە گەورەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هەمزاغا ئازادکرا و هێنرایەوە بۆ نەهری، پاش یارمەتیدانی بەڕێ کرایەوە بۆ ناو خەڵکی هۆزی مەنگووڕ، هەمزاغاش لەوێ بەڵێنی بە شێخ محەمەد سەدیق دابوو و گووتبووی: "ئێمە هۆزێکی گەورەین، هەر کاتێک ئەتۆ و بابی تۆ فەرمانێکتان هەبێت، ئەمن هۆزی مەنگووڕ لە ڕێی ئێوەدا فیدا دەکەم"(ابراهیم زادە، ١٤٠٠، ل١٤٢- ١٤٣).

دوای ئەم ئازادکردنەی هەمزاغا، کە لە سەروبەندی دەست پێکردن و هەڵگیرسانی جەنگی عوسمانی و ڕووسەکان بوو، لە کەرکوک نیشتەجێ بووە، هەروەها هەمزاغا پەیوەندی بە هۆزەکانی بڵباسەوە کردووەتەوە و ژمارەیەک چەکدار و ئەسپ سواری ئێڵەکەی کۆکردەوە و چوّتە بەغداد، تاوەکو لە ڕێگەی والی ئەوێوە بنێردرێت بۆ ئەرزڕووم و لە پاڵ لەشکری هۆزەکانی دیکەی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دژی ڕووسەکان بەشداری شەڕ بکات(BOA: HR_MKT__982_43_1_1). ڕەنگە ئەم بەشدارییەی هەمزاغا و هۆزەکانی بڵباس لەسەر داوای شێخ عوبەیدوڵڵا و بەجێگەیاندنی ئەو پەیمانە بوویێت، کە هەمزاغا بە کوڕەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای دابوو(ابراهیم زادە، ١٤٠٠، ل١٤٣). کاتێک شێخ عوبەیدوڵڵا لە پاڵ لەشکری دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگی لە دژی ڕووسیا کرد، پێکهاتەی لەشکرەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە چەکدارانی هۆز و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پێکهاتبوو، کە خۆی لە (٥) هەزار کوردی بڵباس و هۆزەکانی دیکەدا بینیووەتەوە(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٥١). بەشداریکردنی هەمزاغا و هۆزەکانی دیکەی ئێڵی بڵباس لە پاڵ لەشکرەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە جەنگی دژی ڕووسەکان، پەیوەندی ئێڵی بڵباس و بنەماڵەی شێخانی نەهری بەهێزتر کرد. دوای تەواوبوونی جەنگی ڕووسەکانیش، چارەنووسی هەمزاغا لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانییدا، کە لە ویلایەتی بەغدادەوە لە (١٨٧٩/٥/٢٩) ئاراستەی نەزارەتی دەرەوەی عوسمانی کراوە، ڕوون کراوەتەوە و دەڵێت: " ... هەمزاغا بۆ نێو هۆزەکەی و دواجاریش بۆ ساباڵخ گەڕاوەتەوە، لەلایەن فەرمانڕەوای ناوچەی ساباڵخەوە بە ڕێزەوە پێشوازی لێکراوە..."( BOA: HR_MKT__1081_32_2_1). لێرەوە وێستگەیەکی تازە لە ژیانی هەمزاغا دەستی پێکرد، کە سەر ئەنجام بەرەو بەشداریکردن لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای برد.

### ٣- ئامادەیی ئێڵی بڵباس لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی شۆڕشدا:

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان ڕووس و عوسمانی، شێخ عوبەیدوڵڵا نامە و نوێنەری قسەزان و زمان پاراوی ناردە لای سەرۆک و سەرداره کوردەکان، لە هەموو لایەکی کوردستان، تەنانەت ئەو نوێنەرانەی شێخ گەیشتنە لای کوردانی ئەرمینیا و ڕووسیاش، شێخ لە نامەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، کە تاچ ڕادەیەک میللەت لە دۆخێکی قورس و تاڵدا دەژی، لەگەڵ ئەم نامە و نوێنەرانەش، کەوتە ناردنی وتاری ئاگرین بۆ خێڵە کوردەکانی ئێران و پەیوەندیگرتن و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و ناوداران و گەورە پیاوانی کوردستان و بیروڕا گۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی کوردستان و ناوچەکە(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل٧٥-٧٦).

وەفایی شاعیر، کە نووسەر و میرزای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە مانگەکانی تەمووز و ئابی ساڵی (١٨٨٠)دا نوێنەری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆ نەهری بانگهێشت کران، بە مەبەستی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی، لەم کۆنگرەیەدا (٥) شێخ و (٢١) خەلیفە و (٤٢) میرزادە و (٦٨) بەگزادە تیایدا بەشدارییان کرد، شێخ عوبەیدوڵڵا بەرنامەکەی خۆی لە وتارێکدا پێشکەشکرد، لە لایەن ئامادەبووانەوە پەسەندکرا و ئامادەیی خۆیان بۆ ئەنجامدانی دەربڕی، کەوتنە خۆسازدان و چەکدارکردنی خێڵەکانی شەمزینان، گەوەڕ، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، شنۆ، سەردەشت، ساباڵخ، بە تایبەتیش خێڵەکانی مەنگووڕ، مامەش، پیران و گەورگ ئێڵی بڵباس، شکاک، دیبۆکری و موکری، کە ئەم هێزانە بە (٣٠) هەزار سوارە و پیادەی خێڵە کوردەکان دەدەنران"(ساباڵخی، ١٩٩٩، ل١٢).

هۆزەکانی بڵباس و هۆزە کوردەکانی دیکەی موکریان بەم شێوەیە بوونە هەوادار و لایەنگری شێخ عوبەیدوڵڵا، بەڵام ئەوەی ئەم بارودۆخەی زیاتر بۆ شێخ ڕەخساندبوو تاوەکو ئەو هۆزانە هاوسۆزی بن، توندوتیژی و ستەمکاری فەرمانڕەوایانی ورمێ، ساباڵخ و شنۆ بوو بەرانبەر بە ئاغا و هۆزە کوردەکان، بە تایبەتی لە دەیەی بەر لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە زەمینەیەکی گونجاوی بۆ پەرەسەندنی ڕەشبینی و نارەزایی کوردانی لە دەوڵەتی ناوەندی ڕەخساند و وایکرد شێخ عوبەیدوڵڵا بتوانێ بۆ ناو شۆڕشەکەی پەلکێشیان بکات، ئەمە سەرباری چەندان هۆکاری دیکە، کە پەیوەندی بە دەمارگیریی مەزهەبی و ئایینی، هەروەها ئەو برسیەتی و هەژارییەوە هەبوو، کە بە هۆی وشکەساڵی، لە ساڵی (١٨٧٨)ەوە بۆماوەی چەند ساڵێک ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانی بە تایبەتی ساباڵخ و ورمێی گرتبۆوە، بەجۆرێک برستی لە خەڵکی بڕیبوو، گەیشتبووە ڕادەی هاری و خەڵکی یاسایان نەدەناسی و پەلاماری عەمباری گەنم و جۆیان دەدا و هەڕەشە و مەترسی پاسەوانانی دەوڵەتی قاجاری نەیدەترساندن(بورزوویی، ٢٠٠٥، ل٥٥،٥٦،٦٨)؛

جەلیل، ١٩٨٧، ل٧١-٧٢). ئەم بارودۆخە وایکرد، مەڵبەندەکانی خوی، سابڵاخ، ورمێ و شنۆ ببن بە بنکەیەکی ئامادەکاری بۆ شۆڕشەکە(لازاریف، 2012، ل٢٤٢).

شێخ عوبەیدوڵڵا وەک دەستپێشخەری بۆ پتەوکردنی ڕیزەکان و هەستکردن بەگرنگیی پێگەی ئێڵی بڵباس، توانی ناکۆکییەکانی نێوان هۆزەکانی ئێلی بڵباس نەهێڵێت و هۆزەکانی مامەش، مەنگوور و پیرانی ئێڵی بڵباس ئاشت بکاتەوە(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل٧٥،٧٦)؛( جەلیل، ١٩٨٧، ل١١٧). ئەمەش بەمانای ئەوە دێت شێخ هەستی بە گرنگیی پێگەی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس کردووە، چونکە شێخ پەیوەندییەکی کۆنتری لەگەڵ هۆزەکانی بڵباس بەگشتی و هەمزاغای مەنگوور بە تایبەتی هەبوو، کە بۆ ڕۆژانی ئاوارەیی و دەستبەسەری هەمزاغا لە ناو خاکی عوسمانی دەگەڕایەوە(BOA: HR_MKT__982_43_1_1)؛( صمدی، ١٣٦٤، ص١٣).

## ٤- ئێڵی بڵباس و سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠):

ئەو ماوەیەی شێخ عوبەیدوڵڵا خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ شۆڕشەکەی، هەمزاغای مەنگوور گەڕابۆوە بۆ سابڵاخ و دەوڵەتی ئێران لێبوردنی بۆ دەرکردبوو، هەروەها کردبوویانەوە بە مەزنی ئێڵی مەنگوور، هەمزاغا بۆ قەرەبووی ئەو ماوەیەی بە ئاوارەیی و زیندانی لە خاکی عوسمانی بەسەری برد بوو، ویستوویەتی بە ئارامی خەریکی سەرپەرشتیکردنی کاروباری ئێڵەکەی و کشتوکاڵکردن بێت(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٥٢-٥٣ ). لەو ماوەیەدا پەیوەندی شێخ و هەمزاغا هەر بەردەوام بوو، کاتێک شێخ عوبەیدوڵڵا نیازی شۆڕش و ڕاپەڕینی هەبووە، چەندان جار نامەی بۆ هەمزاغا ناردووە و ڕازی دڵی خۆی لا درکاندووە و داوای چاوپێکەوتنی لێکردووە( حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٥٠-٥١).

بارودۆخی نیشتەجێبوون و بە ئارامی ژیان بۆ هەمزاغا درێژە ناکێشێت و لە ناوەڕاستی ساڵی (١٨٨٠) ڕەوتی ڕووداوەکان بەجۆرێک هاتە پێشەوە هەمزاغایان بەرەو ڕاپەڕین بردەوە (حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٥٢-٥٣). ئەمەش کاتێک بوو، کە لە (ئەیلولی ١٨٨٠)، (لوتف عەلی میرزای کوڕی تەهماسب میرزا)ی فەرمانڕوایی سابڵاخ، بە بیانووی دواخستن و نەدانی ماڵیات و باج، هەندێک لە سەرۆک هۆزە کوردەکانی زیندانی کرد، کە دووانیان لە دەست و پێوەندەکانی هەمزاغای مەنگوور بوون، بۆیە داوای دەستبەجێ ئازادکردنی زیندانییەکانی کرد و خۆی کرد بە کەفیلی دانەوەی هەموو ماڵیاتی ناوچەکە. فەرمانڕەوای سابلاخ لەم هەڵوێستەی هەمزاغا سەرسام و بەگومان بوو، بۆیە پێی وابوو دەبێت پەیوەندی بە پایتەختەوە بکاتەوە، لە گەڕانەوەی نامەی پایتەختدا فەرمانی ئەوەی بۆ هاتبوو، کە دەمێکە هەمزاغا بە تاوانی خیانەت تاوانبارکراوە و دەبێت دەستگیری بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە لوتف عەلی میرزا بانگهێشتی هەمزاغا دەکات تا بەیەکەوە لەبارەی ماڵیاتەوە ڕاوێژ بکەن، هەمزاغاش بەبێ هیچ گومانێک لەگەڵ یاوەرەکانی سەردانی کردووە، بەڵام کاتێک دەیانەوێت دەستگیری بکەن و ئاسنبەندێکی لە دەست و ملی بکەن، بە خەنجەر ئەو کەسانە دەکوژێت، کە فەرمانی دەستگیرکردنەکەیان پێسپێردرابوو، بەمشێوەیە دەربازی دەبێت و (٨٠٠) سەد چەکداری چاک بۆ تۆڵەسەندنەوە ئامادە دەکات و لوتف عەلی میرزاش بوێری ناکات تا لە شار بچێتە دەرەوە و ڕووبەڕووی هەمزاغا ببێتەوە(گیلان، ٢٠٠٤، ل٤١-٤٣).

بەڵگەنامەیەکی قاجاری لە بارەی ئەم ڕووداوەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: "(لوتف عەلی خان)ی گەنج بێ هیچ ئەزموونێک لە لایەن ویلایەتی ئازەربایجانەوە کرابوو بە حاکمی سابڵاخ، بە شێوەیەکی خراپ هەوڵی گرتنی هەمزاغای مەنگووڕی دا و ناوبراو لە دەستی دەوڵەت هەڵات و چالاکییەکانی دەست پێکرد"(نصیری، جلد سوم، ١٣٧١، ص٢٠٥). هەروەها شازادە عەباس میرزای برای ناسرەددین شای قاجار(١٨٤٨-١٨٩٦)، لەو بارەیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە: "هەمزاغا لە ڕیزی ئازایانی ڕۆژگار و سەرۆک ئێڵ بوو، جەنگاوەرێکی شەڕ دیدە و یاخی بوو، دوای ئەوەی لە خاکی عوسمانییەوە گەڕایەوە بۆ ئێران، دەبێتە هاوکار و لایەنگری حکومەتی ئێرانی و ڕوو لە گوندەکانی خۆی دەکاتەوە، بەڵام بە فیت و هاندانی فەرمانڕەوای سابڵاخ، فەرمانڕەوای تەورێز ڕەزامەند بوو بۆ لێپێچینەوە و دەستگیرکردنی هەمزاغای مەنگووڕ بەبیانووی کەمتەرخەمی و نەدانی باج و پارەوە"(ملك آراء، 1361، ص١٥٤).

ئەم دانپێدانانەی کاربەدەستانی قاجاری، شەڕ پێفرۆشتنی فەرمانڕەوایانی سابڵاخ و تەورێز بە هەمزاغا و ئێڵی بڵباس دەردەخات، بۆیە کاتێک هەمزاغا هەر ئەو شەوەی کە دەربازی بوو، دەستی دایە ڕاپەڕین، دەست و پەیوەند و خزم و لایەنگر و ئەندامانی هۆزەکەی کۆکردەوە و تا ڕۆژ بووە بەدەوری شاری سابڵاخدا سووڕانەوە و بە تەپڵ و کەڕەنەی جەنگ ئابڵوقەی شاری سابڵاخی دا، بەم جۆرە لە لایەن هەمزاغای مەنگووڕ و ئێڵی بڵباسەوە سەرەتای یەکەمین ڕاپەڕین لە سابڵاخدا ڕاگەیەنرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەر لەبەری خەڵکی بە گشتی و شاری سابڵاخ بە تایبەتی بخرۆشێت و خەڵک چاوەڕوانی ڕووداوێکی گرنگ و تازە و پڕمەترسی و ڕزگارکەرێکیان کردووە، تا لە دەست کاربەدەستانی بێ بەزەیی و نا سازانی قاجاری ڕزگاریان بکات(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٦٧-٦٨).

کاتێک دەنگوباسی ئەم ڕاپەڕینەی هەمزاغا بە شێخ عوبەیدوڵڵا و سەرانی کورد لە نەهری دەگات، شێخ دەستبەجێ (شێخ کەمال)ی خەلیفەی خۆی، بە مەبەستی هاوکاری بۆ لای هەمزاغا دەنێرێت، هەمزاغاش خۆی دەگەیەنێتە مەرگەوەڕ و پەیوەندی لەگەڵ شێخ

عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵادا دەبەستێت و بەرنامەی شۆڕش و هاتنیان بۆ سابڵاخ دادەڕێژن(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٦٨).

شێخ عوبەیدوڵڵا هەر بەوە ناوەستێت، کە پەیوەندی بە هەمزاغا و هۆزەکانی بڵباسەوە بکات و بەرنامەی شۆڕش دابڕێژن، بەڵکو لەو بارەیەوە ئاگادارینامەیەکی لە (وان)ەوە بە تەلەگرافێک ئاراستەی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) کردووە و ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە: "... ئاغا و زانایانی موکریان، سقز، بانە، شنۆ، مەرگەوەر، تەرگەوەر و شکاک، تەنانەت ئەو کوردانەی لە ناو ناوچەکانی قەرەپاغ و ورمێ دان، نامەیان بۆناردووم و لە زوڵم و زورداری و غەدری دەسەڵاتدارانی ئێرانی گازندە و شکایەتیان کردووە و ماڵ و سەروەت و سامان بەلایەک، بەڵام ئابینەکەمان خەریکە لەناو دەچێت، هەمزاغای مەنگوڕیش هاتە لام و ئەویش گازندەی هەبوو لە حکومەتی سابڵاخ و وتی، کە برازا و خزمەتکارەکەی لە لایەن فەرمانڕەوایی سابڵاخەوە کوژراوە و دەیانەوێت هەموو خەڵکی هۆزەکەی بکوژن و سەروماڵەکانیانیش تاڵان بکەن..."(NLAI-296-13005-4 ).

ئەم دەستە و یەخە بوونە بەردەوامەی ژیانی هەمزاغا لەگەڵ زوڵم و ستەمدا، هەمزاغای بۆ ئەوە ڕێنوێنی کردووە، تا بیر لە پشتیوانییەکی بەهێز و شێوەیەکی بەرزتری ڕووبەڕووبوونەوە بکاتەوە، کە بریتی بوو لە تێکەڵاوبوونی هەمزاغا و زۆرێک لە هۆزەکانی ئێلی بڵباس بە شۆڕشی ساڵی (١٨٨٠)، ئەو تێکەڵاوبوونەی ئێلی بڵباس و هەمزاغا بەم شۆڕشە قۆناغێکی تری ژیانی سیاسی هەمزاغا بوو، وەک سوپا سالار و فەرماندەیی کردنی بەشێکی گرنگی شۆڕشەکە، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆری سەروەرییەکانی شۆڕش بەر هەمزاغا و ئێلی بڵباس بکەوێت(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٧).

هەمزاغا دوای دەربازبوونی لە هەوڵی دەستگیرکردنەکەی، بەخۆی و هۆزەکەیەوە ڕوویان لە مەرگەوەڕ کرد و لەوێوەوە پەیوەندییان بە شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ عەبدولقادری کوڕیەوە کرد، بەرنامەی شۆڕش و چوونیان بۆ سابڵاخ داڕشت(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٦٧).

هاوکات هەمزاغا هەوڵیدا هەموو سەرۆک هۆز و بەگزادەکانی کوردستان و ناوچەکە لە ژێر ئاڵای شێخ کۆبکاتەوە(بیگباباپور و غلامیە، ١٣٩٠، ص٢٢)، هەربۆیە دەستیکرد بە خۆڕێکخستن و کۆکردنەوەی پیاوان و چەکدارانی هۆزەکانی ئێلی بڵباس، لەو کاتەدا لەسەر داوای هەمزاغا، کاکەڵڵای برای بە لەشکرەوە، کە نزیکەی (٦٠٠) شەش سەد کەسێک و مامەند ئاغای سەرۆک هۆزی پیرانی ئێلی بڵباس بە (٢٠٠) دوو سەد کەس و سواراغای برازای هەمزاغا، کە سەرۆکی تیرەی زوودی سەر بە مەنگوڕ بوو بە (٣٠٠)سێ سەد تفەنگچییەوە، کە بە هەموویان نزیکەی (١١٠٠) هەزار و سەد تفەنگچی و سوارە دەبوون، لە شنۆ دایانە پاڵ لەشکری شێخ و هەمزاغا، بەڵام محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەشی ئێلی بڵباس، کە لەسەر سنوور لە ڕووی چەکدار و لەشکرەوە لە هەمووان بەهێزتر و بەدەسەڵاتتربوو، چونکە لەگەڵ هۆزی مەنگوڕدا کێشە و ناخۆشیان هەبوو، داواکەی هەمزاغای بە هەند وەرنەگرت و ملکەچی ئێرانی پێ باشتربوو لە بەشداریکردن لە شۆڕش(غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٣٣).

هۆزی مامەش ئەم هەڵوێستەیان، بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی هۆز و تیرەکانی دیکەی ئێلی بڵباس بوو، کە تا دوا سات لە ڕیزی لەشکری شۆڕشدا بوون، کە دەکرێت چەندان هۆکاری مێژوویی و جوگرافی و هۆزایەتی هەبن وایان لە محەمەد ئاغای مامەش کردووە هەڵوێستی دژە شۆڕش و لایەنگری حکومەتی قاجاری هەبێت، لەوانە هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافیی بڵاوبوونەوەی هۆزی مامەش، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوچە تورکنشین و قاجارییەکاندا بەیەکەوە بەسترابوونەوە، بۆیە سەرۆک هۆزەکانی مامەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان هەر لە کۆنەوە پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی باش بووە، هەروەها دوورییان لە سنووری عوسمانی، کە ناوچەکانی هۆزی پیران و مەنگوڕ جیای دەکردنەوە، سەرباری هەبوونی دوژمنایەتی هۆزایەتی کۆن لە نێوان مامەش لەلایەک و مەنگوڕ و پیران لەلایەکی دیکەوە، وایکرد بوو سەرۆک هۆزی مامەش لایەنگری حکومەتی قاجاری پێ باشتر بێت و ئامادە نەبێت بچێتە ژێر ڕکێفی هەمزاغای مەنگوڕ، کە سوپاسالاری شۆڕش بوو، بەڵام محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش دوای بێ ئومێدبوونی لە فەرمانڕەوای سابڵاخ، کە کەسێکی ڕاڕا و لاواز بووە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕانی نەبووە، ناچار بوو مل بۆ شێخ کەچ بکات، بەم شێوەیە بەشێکی زۆری هۆزەکانی بڵباس چوونە پاڵ شۆڕشەوە(بڕوانە: غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٣٧-٣٩)؛( میرزای قاجار، ١٣٨٩، ل٣٧،٣٨).

بەو جۆرە زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی دیکەی ئێلی بڵباس، لەسەر داوای هەمزاغا و شێخ عوبەیدوڵڵا خۆیان ئامادە کرد و پەیوەندییان بە هەمزاغا و لەشکری شۆڕشەوە کرد، ئەو هێزەش کە بۆ گرتنی قۆڵی موکریان و سابڵاخ تەرخانکرا بوو، هەر بەناو شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردەی بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی هەمزاغای مەنگوڕ خاوەنی پێگەیەکی گەورە و شارەزای هەڵکەوتەی ئەو ناوچانە بوو، بۆیە ڕاستەوخۆ هەمزاغا کرایە سوپاسالار و لە (١٨٨٠/٩/٢٠) بەدواوە لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕەوە بەرەو شنۆ کەوتنە ڕێ (حەمە باقی، ٢٠٠٢، ل٦٨-٦٩). لە ڕاستیدا ئەم بەشدارییە کاردانەوەی ڕەفتاری خراپی

دەسەڵاتدارانی قاجاری بووە بەرانبەر بە هۆزەکانی کورد و هەمزاغای مەنگوور، ئەگەرنا دەستپێکردنی شۆڕش لەسەر دەستی هەمزاغا و کردنی بە سوپاسالاری قۆڵی موکریان لە پلانی شۆڕش و شێخ عوبەیدوڵڵادا نەبوو.

ئەم هێزە دەبوایە بە پەلە، هەلی هەڵچوون و بارودۆخی ورووژاوی ناوچەی موکریان بە گشتی و شاری سابڵاخ بە تایبەتی بقۆزێتەوە، کە دوای ڕاسان و هەڵهاتنی هەمزاغای مەنگووڕی ئێڵی بڵباس سات بە سات زیاتر دەشێوا و هەواڵی پەیوەندیکردنی هەمزاغاش بە شێخ عوبەیدوڵڵاوە، خەڵکی ناوچەی موکریان و سندووس و شنۆ و لاجانی خستبووە چاوەڕوانییەکی بێ ئۆقرەوە، فەرمانڕەوایی سابڵاخیش مەترسی و پەژارەیەکی بێ ئەندازە و بەردەوام دایگرتبوو(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٧٠). هەواڵی چوونی هۆزی مامەش و قەرەپەپاغ بۆ ڕیزی شۆڕش و چەندان هۆکاری دیکە وایان لە شازادە کرد لە (١٨٨٠/٩/٢٨) لە شاری سابڵاخەوە بەرەو میاندواو ڕابکات، لەشکری شۆڕشیش توانییان بێ هیچ بەربەستێک لە (١٨٨٠/٩/٣٠) شاری سابڵاخ بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە(غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٣٩-٤٠).

هەموو مەڵبەندی سندووس و موکریان بەبێ بەرەنگاری هێزەکانی ئێران ئازادبوون و کەوتنە ژێر دەستی شۆڕشەوە، لە دوای گرتنی سابڵاخیش، شێخ عەبدولقادر نامەی خۆبەدەستەوەدانی بۆ فەرمانڕەوا و خەڵکی میاندواو نارد، ئەمان ئامادەی خۆبەدەستەوەدان نەبوون. بۆیە لە بەرەبەیانی ڕۆژی (١٨٨٠/١٠/٢) لەشکرێکی شۆڕش، کە پێکهاتبوون لە (٢٠٠) سوارەی ئێڵی بڵباس بە سەرکردایەتی میر بەگی خاڵی شێخ عەبدولقادر، یەکەمین هێرشیان بۆ گرتنی ئەو شارە دەستپێکرد، بەڵام کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ئێران و میربەگ کوژرا، ئەمەش وای لە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگووڕ کرد، بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری شارەکە بدەن و بە زەبری هێز و کوشتار شارەکە بخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، خەڵکێکی زۆریان لە خەڵکی میاندواو کوشت، دیل و تالانییەکی زۆریشیان لێ دەستکەوت، هەر لەو ماوەیەشدا هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس، وەک بەشێک لە لەشکری شۆڕش هێرشیان کردە سەر قەڵای لاجان و دەستیان بەسەردا گرت(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٧٢-١٧٤)؛( حەمە باقی- أ، ٢٠٠٧، ل٤٠). لەو فراوانخوازی و ڕزگارکردنانەی ناوچەکانی کوردستان و کوشتار و تاڵان و بڕۆیەی لە لایەن لەشکری شۆڕشەوە ئەنجامدران، هۆزەکانی بڵباس بەشدارییەکی کارایان تێدەکرد و سەرە ڕمی لەشکری شۆڕشیان پێکهێناوە.

شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگووڕ، دوای گرتنی میاندواو خەریکی ئامادەکاری بوون تا پەلاماری مەڕاغە و بناو بدەن و بیخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، بە تایبەتی لە پەلاماردانی مەڕاغە و دەوروبەری هۆزەکانی ئێڵی بڵباس دەورێکی کاریگەرتریان لە شوێنەکانی پێشووتر بینی، چونکە هۆزەکانی بڵباس دوژمنایەتییەکی دێرین و سەختیان لەگەڵ بنەماڵەی (موقەددەم)ی تورک نەژادی فەرمانڕەوایی مەڕاغەدا هەبوو(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل٤٦). هەربۆیە هەموو سەرانی کورد و بە تایبەتیش مەزنانی بڵباس، بە دەرفەتیان زانی تا مەڕاغە دەستبەسەردا بگرن و تۆڵەی ڕابردوویان لە هۆزی موقەددەم بکەنەوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا لەشکری مەڕاغە و بناو لە لایەن حکومەتی قاجارییەوە برابوونە خۆراسان و ئەسفەهان، بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەو هۆزە تورکمانانەی کە لەوێ سەریهەڵدا بوو(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل٤٦).

هەرچەندە لەشکری کورد نەیتوانی مەڕاغە و بناو بگرێت، بەڵام دەوروبەرەکەیان بە تەواوەتی دەستبەسەردا گرت(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل٤٦). دوای سەرنەکەوتنی لەشکری شۆڕش لە گرتنی شاری بناو، ئەمە سەرەتای شکستی یەکجاری شۆڕش بوو، بۆیە شێخ عەبدولقادر لەشکرە پەرتەوازەکەی بۆ میاندواو پاشەکشە پێکرد و نامەیەکی بۆ شێخ عوبەیدوڵڵای باوکی نووسی و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، هێزەکەی بچووکە، تەنها لایەنگرەکانی خان بەها خان و هەمزاغا و چەند هۆز و تیرەی مەنگووڕی بڵباسی لێیە...(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٧٨). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو هۆزانەی تا کۆتایی لەگەڵ لەشکری شۆڕش بوون و پشتیان لەو بەڵێنە نەکرد، کە بە شێخ عوبەیدوڵڵایان دابوو، لە هۆزەکانی ئێڵی بڵباس پێکهاتبوون لەوانە: مەنگوڕ و پیران و زوودی، ئەمانە بە ئەندامانی هۆزەکانیان لە هەردوو بەشی کوردستانی عوسمانی و ئێرانی بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کرد بوو.

شەڕ و بەیەکدادانی لەشکری کورد و دەوڵەتی ئێرانی تاوەکو (١٨٨٠/١١/٣) خایاندووە، ئیتر ڕۆژ دوای ڕۆژ دژە هێرش پاشەکشەی پێکردوون و وردە وردە ناوچەکانی مەڵکەندی و میاندواویان لەدەست دا و بەرەو موکریان و سابڵاخ پاشەکشەیان کرد(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٧٩،١٨٠)، چونکە لەشکری هۆزەکانی کورد تەواوی سوپای شۆڕشیان پێکدەهێنا، هەروەکو چۆن هۆکاری ئەو سەرکەوتنانە بوون، کە بەدەستهاتن و قوربانی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە دابوو، لە هەمان کاتدا هۆکاری ئەو لاوازی و بێ سەرە و بەرەیەی سوپاکەش بوون، چونکە لەگەڵ ئەوەی چەکداری هۆزەکان ڕێکخراونەبوون و ئەزموونی شەڕکردنیان کەم بوو، هاوکاتیش هێز و چەکداری هەر هۆزێکیش لە ژێر سەرکردایەتی و گوێڕایەڵی سەرۆک هۆزەکانی خۆیاندا بوون و لە دابەشکردنی ئازووقەدا ناوەندێتییان نەبوو، بەڵکو دەبوایە هەر هۆزە خۆی چەک و ئازووقەی خۆی دابین بکات، ئەمەش ئەگەری پەرتەوازەیی و ناکۆکی نێوان سەرۆک هۆزەکان و تێکشکانی لەشکری شۆڕشی زیاتر کرد بوو(عەلیاوەیی، 2004، ل١٣٧). لەناو شۆڕشدا بیروڕای دوو کەس

وەک یەکتر نەبووە، شێخ عەبدولقادریش بۆی دەرکەوتبوو، کە دووبەرەکی هۆزەکی لە ناو لەشکرەکەی پەرەیسەندووە و بەمشێوەیە بە هیچ جۆرێک کارەکانی بۆ ناچێتە سەر، بۆیە شێخ عەبدولقادر و لەشکرەکەی لەیەکتر دردۆنگ و ترسا بوون(بڕوانە: ئەفشار، ٢٠٠٧، ل١٣٤). نامەیەک بۆ باوکی دەنووسێت و هۆکاری لێقەومان و ژێرکەوتنەکەی بۆ خۆفرۆشی بەشێک لە سەرۆک هۆزەکان دەگەڕێنێتەوە(جەلیل، ١٩٨٧، ل١٣٨).

ئەم بارودۆخەی باسکرا وایکرد بوو ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی چەکدارەکانی لەشکری شۆڕش بەرەو کەمبوونەوە بچێت، بە جۆرێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای گرتنی شاری سابڵاخدا ژمارەی لەشکری کوردان ڕوو لەزیادبوون بوو، تا لە کاتی هێرشیان بۆ سەر میاندواو دەگەیشتە نزیکەی (٣٠-٥٠) هەزار کەس، بەڵام لە کاتی شکستی تەواوەتیان لە گرتنی بناو، ژمارەیان یەکجار کەمدەبێتەوە، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا ئابووت (William J. Abbott)ی کونسوڵی بەریتانیا لە تەورێز، لەو کاتەدا بە سابڵاخدا تێپەڕیوە و دەڵێت: "ژمارەی لەشکری کوردەکان نزیکەی (١٥٠٠) کەس نەدەبوو، چونکە زۆربەی خێڵەکان بەو دەسکەوت و تالانیەی لە گرتنی میاندواو دەستیان کەوتبوو، ڕۆیشتبوونەوە بۆ ماڵەکانیان"(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل١٩٦،٢٠٤).

بەو جۆرە هەردوو قوڵەکەی لەشکری کورد، بە بێ بەرنامە و بە نارێکوپێکی بڵاوەیان لێکرد و سەرەتا شێخ عەبدولقادر لە (ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٨٨١) بە دواوە، پاشماوەی هێزەکەی لە بنارەکانی مەرگەوەڕ و دالانپەڕ ڕاگرت، دوا بە دوای ئەمانیش هێزەکەی قۆڵی ورمێ، بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ سەدیقی کوڕی، بەرە و مەرگەوەڕ و دواتر بە برادۆستدا، بەرەو هەکاری و نەهری گەڕانەوە(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل٢٠٧-٢٠٨). سەبارەت بە چەکدارانی هۆزە کوردییەکان، کە بڕبڕەی پشتی لەشکرەکەی شێخ عوبەیدوڵڵایان پێکهێنابوو، هەرچەندە قوربانی زۆریان بۆ شۆڕشەکەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو پشت پێبەستنە ڕەهایەی شێخ، خاڵێکی لاوازیش بوو بۆ شۆڕشەکە، چونکە خاوەنی ئەزموونی شەڕی نیزامی و بەرەیی نەبوون، هەروەها تالانی و دەستکەوت چاویانی داخست و بەرچاوتەنگی کردن و بە ئومێدی دەستکەوت و پلە و پۆست بەشداریی شۆڕشیان کردبوو، تەنانەت لە حاڵەتی سەرکەوتن لە بەرەکان نەدەمانەوە و ڕوو لە ماڵ و شوێنەکانیان دەگەڕانەوە و سەرقاڵی ئەو دەستکەوتانە بوون، کە دەستیان کەوتووە، لە کاتی شکستیشدا زۆر بەخێرایی پەرش و بڵاوبوونەوە، ئەمە سەرباری ناکۆکی لە مێژینەی نێوان هۆزەکان، کە وەکو خۆرەیەک وابوو بە گیانی شۆڕشەکەوە، بەم شێوەیە شۆڕشەکە شکستی هێنا و لەشکری قاجاری بەرەو ناوچەکانی شۆڕش کشان و دەستییان بە وێرانکاری و تۆڵەکردنەوە کرد.

**٥- لێکەوتەکانی شکستی شۆڕشەکە لەسەر هۆزەکانی بڵباس و هەڵوێستی دەوڵەتی قاجاری بەرانبەریان:**

دوای هەوڵێکی زۆری حکومەتی قاجاری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، توانرا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شکست پێ بهێنرێت، شەوی (١٨٨٠/١١/١٠) دوو سەعات دوای خۆرئاوابوون، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغای مەنگوور، لە سابڵاخ چوونە دەرێ و هەر ئەو شەوە بەدوایاندا نزیکەی (٥٠٠) خێزانی سابڵاخی لە هەموو هۆزەکان بە خۆیان و ماڵ و منداڵەوە لە شار دەرچوون و ڕوویان لە سەردەشت و بانە و شوێنە سەختەکان کرد، تەقەی تفەنگ و هاوار و ناڵەی ژنان و منداڵان لە سابڵاخ و دەوروبەری هەڵدەستا و تا بەرەبەیانی ئەو شەوە، هەر بەردەوام بوو، کە ڕۆژ بۆوە لە کۆی (١٤٠٠) خێزان، تەنیا (٣٠٠) خێزان لە سابڵاخدا مابوونەوە، کۆشک و تەلاری ماڵان لە گۆڕستان دەچوون(حمە باقی، ٢٠٠٢، ل٨٧). ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووی (١٨٨٠/١١/١٤) بەسەرەوەیە جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە لە لایەن میر لیوای سوپای عوسمانی لە مووسڵ بۆ نەزارەتی جەنگ لە ئەستەمبووڵ نێردراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا پێش چوار ڕۆژ بە تەنها لەگەڵ هەمزائاغا و هەندێك لە شوێنکەوتووانی سابڵاخیان بۆ سەربازانی ئێرانی جێهێشتووە و بەرەو ناوچەکەی خۆی نەهری گەڕاوەتەوە( BOA: Y__PRK_ASK__4_85_1_1). هاوکات بەڵگەنامەیەکی قاجاری ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، هەمزاغای مەنگوور لەگەڵ هۆزەکەی لە سنووری لاجانەوە هەڵهاتوون و چوونەتە خاکی سلێمانی (واتە کوردستانی عوسمانی)( نصیری، جلد سوم، ١٣٧١، ص٢٠٥)، بەڵام بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، کە ئابووت کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە تەورێز بۆ (تۆمسن)(Mr. Tomson)ی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تارانی ناردووە، دەڵێت: "هەمزاغا و لایەنگرەکانی هەوڵیانداوە لە سنوور بپەڕنەوە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ڕووبەڕووی باندێکی گەورە لە کوردە دژبەرەکانی عوسمانی بوونەتەوە و شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، هۆزی مەنگوور و سەرۆکەکەیان بۆ ناو خاکی ئێران هەڵبڕاونەتەوە دواوە و بۆ سەردەشت هەڵاهاتوون"(عەزیز، ١٩٩٩، ل١٤٦).

هەرچۆنێک بێت لە دوای تێکشکان و پاشەکشەی لەشکری شۆڕش، زۆربەی هۆزەکانی بڵباس ئاوارە و پەرش و بڵاوبوونەوە، حکومەتی قاجاری بە هاوکاری و پاڵپشتیی هەندێک هێزی ناوچەیی و مەزن، ئەم شۆڕشەی بە توندی سەرکوتکرد، بە جۆرێک قوربانییەکانی کورد گەیشتبووە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس، هێندەی دیکەش لەترسی تۆڵەی کاربەدەستان، شار و گوندەکانیان جێهێشت و پەرتەوازەی چیا و دۆڵان بوون(سەردەشتی، ٢٠١١، ل٣٦).

زۆر لە هۆزەكانی بڵباس، ئاوارە بوون و خاكی ئێرانیان بەجێهیشت و بەرە و خاكی عوسمانی ڕۆیشتن، سوپای ئێران چـووە سـابڵاخ و ناوچەكـانی دەوروبەری و پەلامـاری خەڵـك و هـۆزە كوردییەكانیـدا و مـاڵ و موڵكیـانی دەسـت بەسـەرداگرتن و بەشـێكی زۆریـان دووچـاری بـەدیلگیران و كـوژران بـوونەوە(BOA: A_} MKT_MHM__486_28_3_1)(BOA: A_} MKT_MHM__486_28_4_1 ).

ناوچە بەشداربووەكانی شۆڕش، بە تایبەتی نـاوچە و گونـدە بڵبـاس نشـینەكان لە لایەن هێزەكـانی حكـومەتی قاجـارییەوە، نـزیكەی هەموویان سووتێنران و لە دوورەوە شوێنەواری وێرانكارییان پێوە دیاربووە(جرارد، ٢٠٢١، ل٨٤). ئەم كارەی هێزەكانی ئێـران بە ڕەق و گیانی تۆڵە سەندنەوەیەكی بێ سنوورەوە، نەك هەر دژی چەكدارانی كورد، بەڵكو دژی هەموو ناوچە كورد نشینەكانی بەشـدار لە شۆڕشەكە دەستی پێكرد(بروانە: الروزبیانی، ١٩٨٧، ص٥١٥-٥١٦).

شوێنەوارێكی ترسناك و پڕ لە هەڕەشەی بە تایبەتی بۆ ئێڵی بڵباس بەدوای خۆیدا هێنا بوو، چـونكە شـەپۆلێكی بە كـۆمەڵ كوشـتن، سزادان و ترس و تۆقاندن بەرانبەر هۆز و دانیشتوانی ناوچەكانی شۆڕشەكە، لە موكریان و فەیزوڵلا بەگی، سندوس، لاجان، شـنۆ و مەرگەوەڕ ئەنجامـدرا و نـزیكەی (٣-٤) مانـگ درێـژەی كێشـا و سـەرلەبەری ئەو ناوچـانە لە دوو لایەنەوە ئـازار و سـزای زۆریـان پێگەیەنـدرا، یەكەمیـان: هێـزی سـەربازی و میلیشـیای شـرە خـۆر و تاڵانكـاری دەوڵەتی قاجـاری، كە بەههڵیـان زانی بـوو بە نـاوی سزادانەوە ئەو ناوچانە تاڵان بكەن، دووەمیان: شار و گوندە عەجەم نشینەكانی دراوسێی شار و گونـدە كوردنشـینەكان، كە لە كـاتی شۆڕشەكەدا زیانی گیـانی و ماڵیـان بەركەوتبـوو، ئەمـانیش بەنـاوی تـۆڵەكردنەوە و بە ڕەقێكـی زۆرەوە گونـد و شـارەكانی كوردییـان دەسووتاند و خەڵكی كوردیان بە كۆمەڵ و بێ لێپرسینەوە كوشتووە(حەمە باقی، ٢٠٠٠، ل٢٢٣).

ئەم دۆخە خراپ و سامناكەی لە نـاوچەكەدا هـاتبووە ئـاراوە، تەنـانەت لە لایەن بەشـێك لە كاربەدەسـتانی قاجارییەشـەوە مـایەی نیگەرانی و قبوڵكردن نەبووە، ئەوەتا كاتێك دەوڵەتی قاجاری لە (١٨٨٠/١١/١٢)، حـاجی سـەدر ئەلـدەولە وەك فەرمـانڕەوایی سـابڵاخ دادەنێن، بەڵام ناوبراو ناتوانێت چاوپۆشی لەو هەموو زوڵم و كوشتوبڕ و تاڵانیە بكات، بـۆیە لەو نـامە و ئاگـادار كـردنەوانەی، كە بۆ ناسرەددین شای قاجاری ناردبوون لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئایە شای ئێران فەرمان دەكات، كە تەواوی میللەتێك كۆمەڵكوژ بكرێـت و گۆشـەیەكی نشـتیمان بە تەواوەتی لەگەڵ زەوی تەخـت بكرێـت؟ یـان تەنهـا ئەوانەی گوناهبـارن سـزا بـدرێن؟ منتـان كـردووە بە فەرمانڕەوایی سابڵاخ ، بەڵام كام سابڵاخ؟ هەمان ئەو شارەی تەنانەت یەك رۆحیشی تیدانییە و ئەوەی دیـارە تەنهـا وێـرانەیە و بینـا رووخاوەكانن، من فەرمانڕەوایی كێ بكەم؟"(صـمدی، ٢٠١٣، ص٥٠). ئەم نیگەرانیـیە وای لە حـاجی سـەدر ئەلـدەولە كردبـوو تەنیـا مانگێـك دان بەخۆیـدا بگرێـت، بەدڵـی سـەرانی دەوڵەت هەڵسـوكەوت ناكـات، بـۆیە لە (١٨٨٠/١٢/١٠) لە فەرمـانڕەوایی سـابڵاخ دوورەخرێتەوە و حەسەن عەلی خانی گەڕووس (وەزیـر فەوائیـد)ی لە شـوێنی دادەنێن. هەروەهـا ئەسـكەندەر غۆریـانس، كە لە ڕۆژانی شۆڕش و دوای شۆڕشەكەش لە سابلاخ و دەوروبەری بووە، دەڵێت: "لەشكری قاجـاری شـەڕی ئەوەیـان دەكـرد نـاوی كـورد لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگـار بسـڕنەوە"(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١٠). بـۆیە لە یاداشـتێكدا بـۆ ناسـرەددین شـای قاجـار نووسـیوویەتی: "ئـاگری تۆڵەسەندنەوە هێندە بەسەر سەربازەكاندا زاڵە، بێ ئەوەی بیـر لە ناوبـانگی حكـومەت بـكەنەوە، دەیانەوێـت نەژادی كـورد لەسـەر زەوی نەهێڵن و هەموو شوێنەكانی نیشتەجێ بوون وێـران بكەن"(صـمدی، ٢٠١٣، ص٥٠). ئەمەش ئەوراسـتیەمان بـۆ دەچەسـپێنێت، هەرچەند شۆڕشەكەی شێخ عوبەیدوڵلا، مۆركێكی گەورەی هۆزایەتی لە خۆگرتبوو، بەڵام لە چاوی كاربەدەستانی دەوڵەتی قاجـاری بە شۆڕشێكی نەتەوەیی كوردی هەژماركراوە، هەربۆیە لە دوای شكستی شۆڕشەكە، لەشكری قاجارەكان بێ جیاوازییكردن كەوتنە لە ناوبردنی خەڵكی ناوچەكانی شۆڕش و وێرانكردنی.

سەرباری ئەمانەش (شۆڵتریوفسكی) سەرۆكی كۆنسوڵخانەی ڕووس لە تەورێز، لە (١٨٨٠/١١/١٤)دا نـامەیەكی بـۆ (زینۆڤیـڤ) بـاڵیۆزی ڕووس لە تاران، نووسیوە و تێیدا هاتووە، كە تەیموور خانی سەرلەشكر هەوڵی ڕەشەكوژی كوردەكانی ورمێـی داوە، لە ئاكـامی ئەم هەڵسوكەوتە ناشیرینەدا خەڵكی سابڵاخی موكری و ناوچەی لاجان پەنایـان بـردووەتە بەر كێوەكـان، لەم ڕووداوەدا كـوردانێكی زۆر كوژراون، ئێرانیش ئەم دەرفەتەی لە بەرژەوەندی خۆی قۆستەوە و هەوڵی كۆكردنەوەی باج و خەراجی زۆری داوە(بە وەرگـرتن لە: حكـیم زادە، ١٣٨٩، ص٣٤). ئەم بـارودۆخ خـراپیەی كوردەكـان بە جۆرێـك بـوو، كە ڕووسـیا ناچـار بـوو بێـتە قسـە و هەڵوێسـت وەربگرێـت، ئەمەش نەك لەبەر خاتری كورد، بەڵكو لەوە ترسا بوو ئەم زۆرداریە دووبـارە ببێـتە هـۆی ڕاپەڕینێكـی تـازە، هەربـۆیە باڵیۆزی ڕووس لە تاران نامەیەكی بۆ كونسوڵی ڕووس لە تەورێز ناردووە و نووسیوویەتی: "چـاكە و بەرژەوەنـدی ڕووسـیا لەوەدایە، كە نەهێڵرێت دووبارە كوردەكان ڕاپەڕنەوە، لەبەر ئەوە پێویستە وا لە ئێران بكرێت نەبێتە هۆی كڵپەكردنی كوردەكان بـۆ جـووڵانەوە دژی ئێران"(خەلفین، 2017، ل١٥٩-١٦٠).

بەهۆی ئەو كوشتوبڕ و وێرانكردنەی لەشكری ئێران و خەڵكی ناوچە عەجەم نشینەكان بە بیـانووی تـۆڵەكردنەوە لە بەرانـبەر نـاوچە كوردنشینەكانی شۆڕش ئەنجامیان دابوو، خەڵكی ناوچەی موكریان بە تایبەتی هۆزەكانی ئێلی بڵباس پەرتەوازە و ئـاوارەی نـاو خـاكی

عوسمانی بوون، ئەم بارودۆخەش لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە، کە لە (١٨٨٠/١١/١٤) لە لایەن کاربەدەستانی سەربازی عوسمانی لە مووسڵ بۆ ئەستەمبووڵ نێردراوە، تێیدا ئاماژەی بەوە کراوە، بە گوێرەی قسەکانی نەبی ئاغا، کە لە ئاغایانی هۆزی (ڕەمك)ی ئێڵی بڵباسە و ئەمڕۆ لە لاجان گەڕاوەتەوە، جگە لەو هۆزانەی سەر بە ڕانیەن و پێشتر لە شێخ عەبدولقادر جیابوونەتەوە و هاتوونەتەوە هەواری زستانەیان، ئەوانەی دیکەش، کە مابوونەوە گەڕاونەتەوە و گەیشتوونەتەوە شوێنەکانی خۆیان(ناو خاکی عوسمانی)، تەنها هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس نەبێت، کە لەگەڵ مامەند ئاغای سەرۆکیان ماونەتەوە بە ڕێگاوەن و لە ماوەی یەك دوو ڕۆژدا دەگەنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەشی هەرە گەورەی هۆزی مەنگووڕیش، کە خۆیان لە بنەڕەتدا لە هۆزەکانی دەوڵەتی عوسمانین و چەند ساڵێکە لەلای ئێرانن، لەگەڵ هۆزی زوودی سەر بە مەنگووڕ یەکیان گرتووە و بەیاوەریی کاکەڵڵا ئاغا برای هەمزاغای مەنگووڕ بەرەو خاکی عوسمانی دێن، بەشێکی دیکەی لە هۆزی مەنگووڕ بە سەرۆکایەتی هەمزاغا، لەگەڵ هەندێك لە هۆزەکانی سابڵاخ، کە ژمارەیان نزیکەی (10) هەزار کەس دەبێت، خەریکە لە ترسی سەربازانی ئێرانی لە بیری ئەوەدان بەرەو ئێرە [ولایەتی موسڵ]بێن(BOA: Y__PRK_ASK__4_85_1_1).

بەڵگەنامەکە جەختی لەوە کردووەتەوە ئەگەر لە بارودۆخێکدا هەموو هۆزە ناوبراوەکان بەرەو خاکی عوسمانی بێن، ئەوا ناوچەی ڕانیە توانای لە خۆگرتنی هەموو ئەوانەی نییە و پاراستنی ئەو هەموو هۆزە جۆراوجۆرە کارێکی سەخت دەبێت، بۆیە قایمقامی ڕانیە ڕایگەیاندووە دەبێت فەرماندەیەکی شارەزا بە نەریتی هۆزایەتی لەگەڵ تیپێکی سەربازی نیزامی دەست نیشان بکرێن و بنێردرێن، بەڵام بەشێك لەوانەی چاوەڕێ دەکرێت بێنە خاکی عوسمانییەوە، لە هۆزەکانی سەر بە ئێرانن و ئەگەر بڕیار وابێت، کە قبوڵ نەکرێت بێنە ئێرە، ئەوا لە لایەن سەربازانی ئێرانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و ڕێگری لێکردنیان دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە، بۆیە پێویستە لایەنی باڵای عوسمانی بە تەلەگراف ڕێنمایی بدات دەربارەی ئەوەی لەو حاڵەتەدا دەبێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت؟ هەروەها هەندێکییش لەو هۆزانەی بڵباس پێشتر لە هۆزەکانی خۆمان بوون و چەند ساڵێکە لە خاکە کێشە لەسەرەکاندا ماونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان لە هۆزەکانی خۆمانن و بۆ لەوەڕ چوونەتە ئەوێ و لەو وەرزەدا دەگەڕێنەوە هەواری زستانەیان لە ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی(BOA: Y__PRK_ASK__4_85_1_1).

ئەم بەڵگەنامەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات هۆزەکانی ئێڵی بڵباس ئەوانەی پێشووتر خۆیان بە شوێنکەوتەی حکومەتی قاجاری یان ئەوانەی بە شوێنکەوتەی عوسمانی دەزانی، هەموویان لەترسی کوشتار و تاڵان و بڕۆی قاجارییەکان خاک و لەوەڕگا و گوند و ناوچەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جێهیشتووە و ڕوویان لە باشووری کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی کردووە، چونکە هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی قاجاریدا دەردەکەوێت، کە لە (١٨٨٠/١١/١٩) لە تارانەوە بۆ سوپاسالاری قاجاری لە تەورێز نێردراوە، تێیدا جەخت لەسەر پاکتاوکردن و ملکەچ پێکردنی کورد دەکاتەوە و داوای کردووە کوردانی سابڵاخ و هۆزەکانی بڵباس، بەتەواوەتی چەک بکرێن و تەنانەت یەک خەنجەریشیان لە دەستدا نەمێنێ(بەوەرگرتن لە: بیگباباپور و غلامیە، ١٣٩٠، ص٤٦٠-٤٦١).

ئەو سیاسەتەی حکومەتی قاجاری بووە هۆی ئاوارەبوونی بە کۆمەڵی هۆزەکانی کورد، بە تایبەتی هۆزەکانی بڵباس، کە بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکە بوون، ئەم بارودۆخەش وای لە شێخ عوبەیدوڵڵا کرد لە (١٨٨٠/١١/٢٠) لە ویلایەتی (وان)ەوە تەلەگرافێک ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی بکات و هەڵوێست وەربگرێت، لە پوختەی نووسراوەکەدا هاتووە، ئەگەر ئێران قبوڵی ئەوە ناکات لێخۆشبوونی گشتی بە شێوەیەکی بەسۆز بۆ ئەوانەی ڕاپەڕیون دەربکات، ئەوا بەشێك لەو خەڵکە کەمدەرامەت و ئاساییانەی باوەڕیان بە بارودۆخەکە نییە، بە زووترین کات بەرەو ناوچەکانی ئێمە (واتە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی) ڕادەکەن، بۆیە ئێمەش لەم بارەیەوە مامەڵە و لێپرسینەوە لە دۆخەکە دەکەین (BOA: A_}MKT_MHM__486_28_7_1)؛ (BOA: A_}MKT_MHM__486_28_8_1). دەوڵەتی عوسمانی درکی بە مەترسیی بارودۆخەکە کردبوو، بۆیە لە (١٨٨٠/١١/٢٩) بابی عالیی عوسمانی نامەیەکی بۆ باڵیۆزی ئێرانی لە ئەستەمبووڵ ناردووە، باسی ئەوەی کردووە حکومەتی ئێرانی سەرکەوتنەکەی بەسەر شێخ عوبەیدوڵڵا بە جۆرێکی وا نەهێنی بەکارهێناوە، کە بووەتە هۆی کۆمەڵکوژی بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکانی ورمێ و (٦٠ -٧٠) هەزار کەسیش بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی کۆچیان کردووە(عەزیز، ١٩٩٩، ل١١٧)؛( BOA: A_}MKT_MHM__486_28_2_1 ).

سەرچاوەیەکی دیکە باسی ئاوارەبوونی (١٠) هەزار خێزانی کوردی کردووە، کە لەمانە تەنیا (١١٠٠) خێزان خەڵکی سابڵاخ و (٥) هەزار خێزانیش خەڵکی ورمێ بوون و لە ماڵ و جێگەی خۆیانەوە کۆچیان بۆ ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە (٢) هەزار گوند سوتێنرا بوون، تا نزیکەی (٤) مانگیش دوکان و بازاڕ لە شار و شارۆچکە کوردنشینەکاندا داخران و لە تێکڕای ئەو ناوچانە بە گشتی و لە سابڵاخیش بە تایبەتی، جومعە و جەماعەتیش نەکراوە(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١١). هەروەها (مەسعود میرزا)ی کوڕی ناسرەددین شای قاجاریش، گەورەیی ئەو قەسابخانەیەی حکومەت دژی ڕاپەڕیوەکان و خەڵکی کورد ئەنجامی دابوو

دەرخستووە، ژمارەی قوربانیانی کوردی بە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس هەژمار کردووە، هەروەها پێوابوو هێندەی دیکەش لە ترسی تۆڵەی کاربەدەستان بەرەو چیا سەختەکان ڕایانکردووە(سەردەشتی، ١٩٩٩، ل١٤).

ئەم بارودۆخەی ئاماژەی پێدرا وای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد ئامۆژگاری حکومەتی قاجاری بکات، کە باشترین ڕێگە بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی، ئەوەیە ڕازی بێت بە دەستکەوتەکانی سەرکەوتنەکەی، سووربوون لەسەر ڕێوشوێنی توندوتیژی، ئەنجامەکەی تەنیا ئەوە دەبێت خەڵکانی ئێرانی بە کۆمەڵ بڕژێنە ناو خاکی عوسمانییەوە و زێدی ڕەسەنی خۆیان بەجێبهێڵن، ئەمەش خەرجییەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها ئەمانە سەر بە هۆزی هەمەجۆر بوون، بە پێی خوو و نەریتیان، هەر ئەوەندە هەلێکیان بۆ هەڵکەوێت بۆ تۆڵەکردنەوە، لە سنوور دەپەڕنەوە و دەستدەکەنەوە بە کاری توندوتیژی و تاڵانی لە ئێراندا(عەزیز، ١٩٩٩، ل١١٧). هاوکات ڕۆژنامەی (NEW ULM REVIEW)ی ئەمریکیی، کە لە ڕۆژی چوارشەممەی (١٨٨٠/١٢/١) بڵاوکراوەتەوە، لە خانەی هەواڵە دەرەکییەکانی ئاماژەی بەو بارودۆخە کردووە، کە دوای شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە و نووسیویەتی: "دوا تەلەگرافی هاتوو لە ئێرانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە شکری ئێران بە پێچەوانەی سەرکردەکانییەوە گووندەکانی کوردییان وێران کردووە و سەری (٣٠٠) دیلی کوردییان پەڕاندووە و دیواری شورای شاری تەورێزیان پێ ڕازاندونەتەوە و لەوێ هەڵیانواسیون"(سەردەشتی، بەرگی سێیەم، ٢٠١٩، ل٧١).

کاربەدەستانی قاجاری گوێیان بە قسەکانی دەوڵەتی عوسمانی نەدا و بەردەوام بوون لە کوشتاری خەڵکی کورد، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا زیاتر بەدیار دەکەوێت، کە لە (١٨٨٠/١٢/١٨)دا، ئاماژەی بەوە کردووە، کە سەربازانی ئێرانی هەڵساون بە دەستگیرکردنی چەندان کەس لە لایەنگرانی شێخ لە گوندی (جانگاە)ی سەر بە ورمێ و (150) کەسیشیان سەر بڕیوە، عەجەمەکان هەر سوننییەکیان کەوتبێتە بەردەست کوشتویانە، هەرچەندە ئەم خەڵکانە شوێنکەوتەی ئێرانن، بەڵام لەبەر ئەوەی سوننەن پشتیان بە دەوڵەتی عوسمانی بەستووە و لایەنگری شێخ بوون، بۆیە ئەوەیان بەرانبەر کراوە( BOA: A_}MKT_MHM__486_28_5_1). لە کاردانەوەی ئەم ڕووداوانەشدا بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک، کە ئاراستەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کراوە، تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، شێخ عوبەیدوڵڵا یەکێکی لە خەلیفەکانی خۆی بەناوی (خەلیفە محەمەد سەعید) ناردووە بۆ ویلایەتی وان بۆ لای کاربەدەستانی عوسمانی، خەلیفەکە پێی ڕاگەیاندوون سوننییەکانی ناوچەی ئێران زوڵم و ستەمێکی زۆریان لێ کراوە و لەبەر پتەوی ئیمان و دینداریيان داوای یارمەتیان لە شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە و چیتر توانای بەرگە گرتنیان نەماوە، بۆیە پێویستە دەوڵەتی عوسمانی بڕیار بدات بەشێك لەوانە لە سنووری دەوڵەت بگرێتەخۆ و لە هەندێك شوێن نیشتەجێیان بکات(BOA: A_}MKT_MHM__486_28_6_1).

شێخ عوبەیدوڵڵا هاوکات دەستیکرد بە ناردنی نامە بۆ سەرۆک ئێڵ و هۆزە کوردەکانی عوسمانی و ئێرانی، بە تایبەتی سەرۆک هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، داوای خۆڕاگری و ورە بەرزی لێکردوون، پێی ڕاگەیاندبوون لە دەرفەتێکی گونجاودا شۆڕش دەستپێدەکەنەوە، ئەمەش کاربەدەستانی ئێرانی دەخاتە ترس و تەنگەتاوییەوە، بە جۆرێک ناسرەددین شای قاجاری والێکرد بوو خۆی نامەیەک بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بنووسێت و داوای لێبکات لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ سوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی و باڵیۆزەکان، بە تایبەتی باڵیۆزی ڕووس بکات، دانەیەک لە نامەکەشیان بداتێ و لە نیازی شێخ عوبەیدوڵڵا ئاگاداریان بکاتەوە(بڕوانە: وزارت امور خارجە...، جلد سوم، ١٣٧٠، ص٧٠٣). ناسرەددین شای قاجار چەند جارێک لەم بارەیەوە لەگەڵ (زینۆڤیف)ی باڵیۆزی ڕووس لە تاران کۆببووە و تکای لێکرد بوو، کە ڕووسیا زۆر لە دەوڵەتی عوسمانی بکات بۆ ئەوەی نەهێڵێت پەلاماردان و ڕاپەڕینێکی تازەی دیکەی کوردەکان ڕووبدات، ڕووسەکانیش پێیان وابوو بێهێزبوونی زیاتری ئێران زیانی بۆ دەوڵەتی ڕووسیا دەبێت، هەربۆیە بەڵێنی یارمەتیان بە شای ئێران دابوو(خەلفین، 2017، ل١٦٧،١٦٩).

بەشداریی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس لە شۆڕش و مانەوەی پەیوەندییان لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا دوای شۆڕش، بۆ بەرپاکردنەوەی دووبارەی شۆڕش، کاربەدەستانی قاجاری زیاتر ڕەق ئەستوورتر و توندوتیژتر کردبوو بەرانبەر بە هۆزەکانی بڵباس، بە تایبەتی هۆزی مەنگوڕ و پیران، کە دوای شکستی شێخ عوبەیدوڵڵا و لە ئاوارەیش بە ئومێدی بەرپاکردنەوەی شۆڕش پەیوەندییان لەگەڵ شێخ هەر مابوو، ئەمەش مایەی نیگەرانی زۆری دەوڵەتی قاجاری بوو، لەو سۆنگەیەوە ناسرەددین شای قاجاری لە (١٨٨٠/١٢/١٩) لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ (تۆمسن)ی باڵیۆزی بەریتانی لە تاران، ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، کە ئامۆژگاریان ناردووە بۆ باڵیۆزەکەیان لە ئەستەمبووڵ، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ بابی عالی بکات و داوای ڕادەستکردنەوەی هەمزاغای مەنگوڕ، ئەمین ئاغا و فەتحوڵڵا ئاغا بکات، کە سێ سەرۆک هۆزی کوردی ئێران بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە یاخی بوونەکەدا هەبووە، زۆر بە جددییەوە هیواخوازە حکومەتی عوسمانی پشتگیری لە داواکەی بکات... (عەزیز، ١٩٩٩، ل١٠٠).

ئەم هەڵوێست و ڕەق و تووڕەییە زۆرەی کاربەدەستانی قاجاری، بە تایبەتی ناسرەددین شا، بەرانبەر بە هۆزەکانی ئێڵی بڵباس و سەرکردەکانیان، بە ڕادەیەک بوو کاتێک سەرانی دەوڵەتی ئێرانی لە پێناوی ئارامکردنەوەی دۆخەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکە، لێبووردنیان بۆ زۆر لە سەران و گەورە پیاوانی کوردی بەشداری شۆڕش لە ناوچەکانی موکریان، شنۆ، لاجان و سەردەشت دەرکرد بوو، تاقە کەسێک دەرباری قاجاری چاوپۆشی لێنەکرد و لێی نەبووری، هەمزاغای مەنگوڕ بوو، سەرانی حکومەتی قاجاری بێ پسانەوە لە هەوڵی دەستگیرکردن و لەناوبردنی خۆی و لایەنگرانیدا بوون(حمه باقی، ٢٠٠٢، ل١٢). بۆیە لە (١٨٨١/٢/٢١)، شای قاجار لە تارانەوە نامەیەک بۆ کاربەدەستانی تەورێز و ساباڵخ، بە تایبەتی ئەمیر نیزام (وەزیر فەوائید) ناردووە و فەرمانی پێکردووە پێویستە هەموو نازناو و ناونیشانەکانی شێخ لە ناوچە کوردستانییەکان نەهێڵرێت، هەتا پێشتان دەکرێت هەموو کوڕ و کەسوکار و لایەنگرانی شێخ و هەمزاغا بگرن و زیندانیان بکەن(NLAI-296-13003-4 ).

ئەم سیاسەتەی کاربەدەستانی حکومەتی قاجاری، بە تایبەتی حەسەن عەلی خان بە هاندانی ناسرەددین شای قاجار بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی شوێنەواری شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا لە ناوچە کوردییەکاندا بسڕێتەوە، بۆیە ناوبراو تا توانی لە خەڵکی ترساوی ناوچەی موکریان پارەی وەرگرت و گیرفانی خاڵی کردن(سیاح، ٢٥٣٦، ص٢٥٦-٢٥٧). حەسەن عەلی خان تۆڕێکی سیخوڕی گەورەی لە ناو خاکی کوردستانی ئێران و عوسمانی لە زۆربەی ئێڵ و هۆزە کوردییەکانی ناوچەی موکریان، کە پێشووتر لایەنگر و هاوسۆزی شێخ عوبەیدوڵڵا بوون، دروست کردبوو، بە ئامانجی زانینی هەموو جووڵەیەکی شێخ و هەمزاغا، تا بتوانێت بەو هۆیەوە ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بگرێت و کار بۆ لەناوبردنیان بکات، ئەمەش هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی قاجاریدا ڕوون دەبێتەوە، کە لە (١٨٨١/٣/٣) حەسەن عەلی خان بۆ ناسرەددین شای ناردووە و دەڵێت: "... من هەموو کات بە شێوەی جیاواز هەواڵ و زانیاری بەدەست دێنم، چەند ڕۆژ لەمەوبەر نووسراوێکی تایبەتم بۆ محەمەد ئاغای مامەش نووسی و فەرمانم پێکرد لە کاروبار و بارودۆخی شێخ عوبەیدوڵڵا، هەواڵ و زانیاریی پێویست وەربگرێت و ئاگادارم بکاتەوە، بۆیە ئەمڕۆ لە ناوبراوەوە چەند نووسراوێکم پێ گەیشت ..."(NLAI-296-13078-4).

یەکێک لەو بەرنامە سەرەکییانەی هەر لە سەرەتای کاری حەسەن عەلی خانی گەرووسی فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە ساباڵخ، بە پێی فەرمان و ڕاوێژی خوودی ناسرەددین شا و پیلان و بەرنامەی سەرانی سوپا بە هاوکاری سەرۆک خێڵە کوردییەکانی لایەنگری دەوڵەت، ڕەنگی بۆ ڕشتبوو، لەناوبردنی هەمزاغای مەنگووڕی ئێڵی بڵباس بوو، کە دەرباری قاجار لە سەرەوویانەوە ناسرەددین شا، بە ماکی هەڵایسانی شۆڕشی کوردییان دەزانی و دەیانەویست بۆ مەبەستی چاوترساندنی جەماوەری کوردی ئێران، بە هەر نرخێک بێت لە ناوی بەرن(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٢١). بۆیە حەسەن عەلی خان لە نامەیەکدا، کە بۆ ناسرەددین شای ناردووە، دەڵێت: "لەم بابەتی چاودێریکردنەی هەمزاغا غافڵ نابم، چونکە هەمزاغا کەسێکی چاونەترس و گیانفیدایە، هەر هێندەی بەفری چیاکان کەم ببێتەوە و ڕێگاکان بکرێنەوە ئەگەر بەخۆی بە تاک و تەنهاش بێت، لە گۆشەیەک بۆ گۆشەیەکی دیکە خۆی پیشان دەدات و جگە لەمەش هۆزی مەنگووڕ زۆربەی لایەنگر و گوێڕایەڵی ئەون و پشتگیری لێ دەکەن، ئەمە سەرباری ئەم چالاکییە گوماناویانەی، کە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەبیندرێت، لەوانەشە بە نهێنی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لە پشتگیریکردن دڵنیا کرابێتەوە، بێگومان لە بارودۆخێکی وادا چاونەترس تر دەبێت و ورەی بەرزتر دەبێتەوە و هەر کاتێک بۆی گونجاو بێت، لە شوێنێکەوە خۆی دەردەخات، بەڵام لەم بابەتە ئەوپەڕی دڵنیاییم هەیە جارێکی دیکە نە شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغا بتوانن بەو پروپاگەندا و ڕیکلامەوە و بەرەو خاکی ئێران بێن و نە جارێکی دیکە ئەم خەڵکە لە هۆزەکانی موکری، مامەش، گەورک، قەرەپەپاخ و ئەوانی تر لەگەڵ شێخ ڕێک دەکەون و هاوڕا دەبنەوە، پێویستیشە نوێنەرانی دەوڵەتی شاهانەی ئێران، بە هەر ڕێگە و هۆیەک بووە، لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنبڕکردنی ئەم کێشە وگرفتە ڕێک بکەوێت، تاوەکو ئەم کێشەیە بە تەواوی نەمێنێت و لەناوبچێت، کە هەموو کات بۆ دەوڵەتی ئێران مەترسییە"(NLAI-296-13078-3).

ڕەفتاری خراپ و دڵڕەقانەی کاربەدەستانی قاجاری بەرانبەر بە هۆزەکانی کورد و بە تایبەتی ئێڵی بڵباس هەر بەردەوام بوو، لە هەمان کاتیشدا بە چاوێکی دوژمنەوە سەیری خەڵکی کورد و ناوچە کوردنشینەکانیان کردووە، هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی وێرانکاری و تاڵانی و کوشتارێکی وایان لە ناوچەکانی شۆڕشدا بەرپاکردبوو، کە خەریک بوو ئەو ناوچانە بەرەو چۆڵ بوون بچن و خەڵکەکەی لە ترسان ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیی بۆ ناو خاکی عوسمانی هەڵبژێرن، ئەوەتا لە تەلگرافنامەیەکی عەلی ئاغای شکاک، کە لە (١٨٨١/٤/٩) لە ناوچەی (خوی) بۆ تەورێزی ناردووە، کاربەدەستانی ئەو شارەی ئاگادار کردووەتەوە، کە بارودۆخی سنوور ئاڵۆز و نائارامە، ئێڵ و هۆز و پیاو ماقووڵەکانی هۆزەکان ترساون و پەرتەوازەیی و ئاوارەیی لە ناویاندا دروستبووە، بۆیە داواکارم فەرمانێک دەربچێت بۆ شێخولئیسلامی سەڵماس و ئاغا میرزا حەسەن، تاوەکو بێن و هەموو ئێڵ و هۆز و ڕیش سپیەکانیان کۆ بکەنەوە و دڵنیایان

بکەن، کە حکومەت پشتگیری و پشتیوانیان دەکات، ئێنجا لەدوای ئەمە هەر خزمەتێکیان لێ داوا بکرێت جێبەجێی دەکەن(NLAI-296-13003-2).

هەر چەندە کاربەدەستانی عوسمانی و سەرۆک هۆزە کوردەکان و بەشێک لە کاربەدەستە خۆجێییەکانی سابڵاخ و تەورێز، داوای ڕاگرتنی کوشتار و تاڵان و سوتاندنی ناوچە کوردییەکانی بەشدار بووی شۆڕشیان دەکرد، بەڵام حکومەتی قاجاری لەسەر ئەم سیاسەتەی هەر بەردەوام بوو، تاوەکو لە (١٨٨١/٥/٣٠) سەرلەشکری سوپای ئێران لە سابڵاخ نامەیەک بۆ محەمەد ڕەحیم خان (عەلائولدەولەی)ی فەرمانڕەوایی تەورێزی دەنێرێت و دەڵێت: "خەڵکی کلۆڵی ئەم ناوچەیە، ئاکامی خراپەی خۆیان هاتۆتەوە ڕێ و هاتووچۆی لە ڕادەبەدەری لەشکرکێشی دەوڵەت و سەربازانی سەرکەوتوو، هێرش و تاڵان و بڕۆیان بۆ سەر یەکتر، ئەم ناوچەیە بە جۆرێک کاول کردووە، کە بۆ ئاوەدانبوونەوەیان چەندان ساڵی پێویستە، بۆ نموونە: ئاوایەکانی ناوچەی شارویران، کە لە هەموو شوێنەکانی تری ئەم ناوچەیە ئاوادانتر بوون، ئێستا کاول و سوتاون و هەرکامێکیان بوونەتە تەپۆلکەیەکی خۆڵەمێش، خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەیان کوژراون و ئەوانیش کە ماون و نەکوژران، هەڵاتوون و پەرتەوازەبوون"(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١١٩)، چونکە کاربەدەستانی قاجاری، بە تایبەتی ناسرەددین شا ئەوەندە لە ئێلی بڵباس و هۆزە کوردییەکانی تری لایەنگری شۆڕش بەرقەدا چووبوون، نەک هەر پێیان وانەبوو ئەمانە شایەنی لێخۆش بوون نین، بەڵکو هەروەکو لە پەراوێزی نامەیەکی وەزیری دەرەوەی ئێراندا، شای قاجارەکان نووسیوویەتی: "وەک هەمیشە گوتوومە، تاوەکو دوو کوڕەکەی شێخ لە خاکی عوسمانی دەرنەکرێن و هەمزاغای مەنگووڕیش ڕادەستی ئێمە نەکرێت، کارەکە ناتەواوە و هەر وەک سەرەتا وایە، بۆیە پێویستە بەهۆی باڵیۆزەکان و موعین ئەلمولک [باڵیۆزی ئێران بووە لە ئەستەمبووڵ] و باڵیۆزی ڕووسەوە زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی بهێنن و کارەکە تەواو بکەن"( وزارت امور خارجە...، جلد سوم، ١٣٧٠، ص٥٨٩).

حەسەن عەلی خانی فەرمانڕەوایی سابڵاخ، لەسەر ڕاسپاردەی شای ئێران بەردەوام بوو لە سیاسەتی ملکەچ پێکردنی سەرۆک هۆزە کوردییەکانی ناوچەی موکریان، تا لەو ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات و ڕێگە لە هەر چالاکییەکی شێخ و هەمزاغا بگرن، ئەمەش لە نامەیەکی حەسەن عەلی خاندا ڕەنگ دەداتەوە، کە لە (١٨٨١/٧/١٩)، لە سابڵاخ بۆ فەرمانڕەوای تەورێزی ناردووە، باس لە مۆرکردنی بەڵێننامەیەک کردووە بە ئێڵ و هۆز و گەورە پیاوان و خەڵکی موکریان، بەناوی بەڵێننامەی (ڕووڕەشی)، کە خەڵکی موکریان لە بەرانبەر بەشدارییکردنیان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بەڵێنیان دابوو (٤٠) هەزار تمەن وەکو پارەی ڕووڕەشی بدەن بە دەوڵەتی ئێرانی، بەڵام داوایان کردبوو وەرگرتنی ئەو پارەیە لێیان ڕابگیرێت، تا ئەوکاتەی بەڵکو هەمزاغای مەنگووڕ، کە بووەتە مایەی شەڕ و بنەمای ئەم ئاژاوەیە، بێتە سابڵاخ و بە زیندویی یان بەمردوویی ڕادەستی دەوڵەتی بکەن، ئەوسا لە بەرانبەر ئەمەدا لەم ڕووڕەشی و باجە چاوپۆشییان لێبکرێت(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١٣٦-١٣٧).

بە وردبوونەوە لەم نامە و سیاسەتەی کاربەدەستانی قاجاری، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت گەورەترین کێشەی ئەوان هەمزاغای مەنگووڕ و ئەو هۆزانەی تری بڵباس بوون، کە خۆیان ڕادەستی دەوڵەتی ئێرانی نەکردووە و لە ئاوارەیدا ژیاون، ئەم هۆزانەی بڵباسیان بە سەرچاوەی مەترسیی بەردەوام بۆ دەوڵەت هەژمار کردبوو، لەو پێناوەدا لەسەر ئاستی زۆر باڵا لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوون، بۆ ڕادەستکردن و لەناوبردنی هەمزاغا و شوێنکەوتووانی، بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئێران نامەیەکی بۆ ناسرەددین شا ناردووە، ئاماژەی بەوە کردووە، بەردەوام لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە تەلەگراف بۆ بەرپرسانی عوسمانی کراوە بۆ ئەوەی هەمزاغا سنووررداش بکرێتەوە، بە پێی قسەکانی ئەمیر نیزام بێت فەرمانەکە نەگەیشتووە یان درۆیان کردووە یانیش گەیشتووە بەڵام ڕێ و شوێنی جێبەجێکردنی نەگیراوەتە بەر، بۆیە سەبارەت بە هەر دوو بابەتەکە پەیام بۆ ئەستەمبووڵ و باڵوێزخانەی ئێران دەنێرین، بەڵام ناردنی پەیامی زۆر سوودێکی وەهای نییە و دەبێ هێزەکانمان لە ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی بێت و خاڵی پاسەوانی و جاسووسی زیاتر بکرێن، هەر کاتێک سنوور بەزێنی هەبێت، پێویستە پاسەوانانی سنوور هەموویان بکوژن، ئەوکات دەوڵەتی عوسمانی ناتوانێت باسی بکات، بەڵام ناسرەددین شا بە دەست و خەتی خۆی لەسەر ئەم بەڵگەنامەیە دەنووسێت و وەڵامی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دەداتەوە، دەڵێت: "جەنابی وەزیر، سەبارەت بە ئامادە باشی سنوور و خاڵی چاودێری و جاسووس... ڕاستتان وتوە، بەمجۆرە دەبێت بە ڕەمز و جفرە و بە پۆستە، پەیام بۆ ئەمیر ئەلمولك بنێرن و بە وردی بۆی بنووسن، کە بۆ ئەنجامی ئەمجۆرە کردەوانە لە ئامادەباشی دابن و لایەنی بەرامبەر بکوژن و تاڵانیان بکەن و تۆڵەیان لێ بکەنەوە، تاکەی دەبێت بە عوسمانییەکان بڵێین و هیچ سوودێکیشی نەبێت، ئەگەر کوڕی هەمزاغا، کە ماوەیەك لە لامان زیندانی بوو یەکسەر سەریان ببڕیایە، ئێستا ئەمە ڕووی نەدەدا، بۆچی دەبێت بە زیندوویی بهێڵرێتەوە و تاکەی بەم جۆرە هەڵبێت، هەموو ئەمانە تاوان و هەڵەی خۆمانە، خەتای کەس نییە"(وزارت امور خارجە...، جلد دوم، ١٣٦٩، ص٦٨٣).

کاتێک کاربەدەستانی قاجاری زانیبان لە ڕێگەی هەڕەشەکردن و داواکردن لە دەوڵەتی عوسمانی و کۆکردنەوەی پاسەوان لەسەر سنوور، هیچ سوودێکی نییە و ناتوانن هەمزاغا و لایەنگرەکانی دەستگیر بکەن یاخوود لەناویان بەرن، بۆیە حەسەن عەلی خانی فەرمانڕەوای سابڵاخ بە ئاگاداری ناسرەددین شای قاجار، کەوتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە لەناو هۆزی مەنگووڕ لەلایەک و هۆزەکانی دیکەی بڵباس لەلایەکی دیکەوە، تاوەکو سەر ئەنجام ناکۆکی لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵای برایدا دروستکرا و دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی هۆزی مەنگووڕ بە کاکەڵڵا سپێردرا، تاوەکو هەمزاغا ئیرەیی بەبراکەی بەرێت و ناچاری دانوستان و خۆبەدەستەوەدانی بکەن و دواتریش لەناوی بەرن، چونکە هەمزاغا سەرکردایەتیکردنی هۆزەکەی تەنیا بەخۆی ڕەوا دەبینی و کەسایەتییەکی کاریگەر و ناسراو و شۆڕشگێڕی هەبوو، سەرانی عوسمانی و ئێرانی و خێڵە کوردەکانی هەردوو دیویش دەیانناسی و حسێبی گەورەیان بۆ کردووە، تەنانەت دوای تێکشکانی شۆڕشەکەش، هەمزاغا ئەرکی زیندوو ڕاگرتن و هەستانەوەی ورەی خەڵکی ناوچەی موکریانی لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلاوە پێ سپێردرابوو، بۆیە هەمزاغا لە ناوچەی سەردەشت بانگەوازەکانی شێخ و شۆڕشی بڵاودەکردەوە، ناو بە ناویش شەڕی پارتیزانی لە دژی هێزەکانی ئێران کردووە(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٢١-٢٢).

بە دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان هەمزاغا و کاکەڵڵادا، کاربەدەستانی قاجاری توانییان نیوەی هۆزی مەنگووڕ لە هەمزاغا جیا بکەنەوە و دابڕن، هەر لەو بارەیەوە حەسەن عەلی خان لە ( ١٩-١٨٨١/٧/٢٦)، چەند پەیامێکی لە سابڵاخەوە بۆ فەرمانڕەوای تەورێز ناردبوو و پێی ڕاگەیاندووە، ئەم کارە بووەتە هۆی لاوازبوونی هەمزاغا، دەسەڵات و سەرۆکایەتی هەمزاغای لەسەر هۆزی مەنگووڕ بەیەکجاری لەقکردووە، ئەوەشتان لا ڕوون بێت، هۆزی مەنگووڕ لە ئاکامی ئەوەی ماڵ و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە و بەدووی هەمزاغا کەوتوون و ئەمساڵیش چەند کەسێکیان لێکوژراوە و زیانێکی زۆریشیان لێکەوتووە، بەتەواوی شەکەتن و لە هەمزاغا بێزارن، ئەوەندەی پێناچێت هەموویان لێی دەتەکێنەوە و ڕوو لە کاکەڵڵای برای دەکەن، لێکجیاکردنەوەی ئەو دوو برایە و دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوانیاندا، بەهۆی محەمەد ئاغای مامەش و ئەحمەد بەگ[٦] و بایز ئاغای دیبۆکرییەوە بووە، منیش کاکەڵلام دڵنەوایی و دڵنیاکردووتەوە تاوەکو بە گیان و بە دڵ پەنامان بۆ بهێنێ و بەڵێنی هەموو کارێکمان پێبدات، هەربۆیە لە ڕۆژی (١٨٨١/٧/٢٦) کاکەڵڵا و دووبرای دیکەی هەمزاغا بەناوەکانی بایز ئاغا و حسێن ئاغا، لەگەڵ نزیکەی (٧٠٠ تا ٨٠٠) خێزانی هۆزی مەنگووڕدا، هاتنەوە بۆ سابڵاخ و بەڵێنیان داوە شوێنی هەمزاغا نەکەون، بەڵکو تەقەڵلاش بدەن بۆ کوشتن و لەناوبردنی هەمزاغاش بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١٤١-١٤٣). کاکەڵڵا دوای گەڕانەوەی هەمزاغا لە دیوی دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرۆکایەتی بەشێک لە هۆزی مەنگووڕی لەدەست چوو بوو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەگەر هەمزاغا لە بەرانبەر لەشکری ئێراندا خۆی نەگرێت و هەڵبێت، ئەوسا سەرۆکایەتی هۆزەکەی بەدەست بهێنێتەوە(غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٢٧).

فەرمانڕەوای سابڵاخ هەر بەمەوە نەوەستاوە، کە کاکەڵڵای بەلای خۆیدا ڕاکیشا و هێنایەوە سابڵاخ، بەڵکو بە سوود وەرگرتن لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی نێوانیان، میرزا قاسمی قازی (شێخولئیسلام)ی ڕاسپارد تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ هەمزاغا دروست بکات و بانگهێشتی ناو سابڵاخی بکات و پلانی کوشتنەکەی جێبەجێ بکات( NLAI-296-13073-5 )(NLAI-296-13073-11 ). بۆ ئەم مەبەستە فەرمانڕەوای سابڵاخ میرزا قاسمی ڕاسپارد تاوەکو لەگەڵ هەمزاغا لە پەیوەندیدابێت، پێی بڵێت، کە حکومەتی پێشوو هەڵەی کردووە و دەوڵەت دەبوو کەسانێکی وەکو هەمزاغا پەروەردە بکات، هەروەها دڵنیای بکاتەوە با بێتەوە و سەرۆکایەتی هۆزی مەنگووڕی پێ دەدرێتەوە، شێخولئیسلام چووە لای هەمزاغا و گەڕایەوە و وەڵامی هێنا، کە هەمزاغا دەڵێت: "ئەگەر حەسەن عەلی خان قاجار بوایە متمانەم پێنەدەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هاو ئێڵی خۆمانە، ئەگەر سوێند بخوا و بەڵێن بدات منیش قبوڵی دەکەم، بۆیە حەسەن عەلی خان سوێندی خوارد و لە پشتی قورئانێکدا نووسراوێکی مۆرکرد، کە تێیدا نووسرابوو تاوەکو ئەو کاتەی زیندووم و بەسەر زەویدا هەنگاو دەنێم لەگەڵت دەبم و لە پاراستنی گیانتدا کەمتەرخەمی ناکەم، قورئان و نووسراوەکەیان بۆ هەمزاغا برد، سەردار ئاغای برازای گەنج تر و هۆشیارتر بوو بە هەمزاغای گوت: "ئاغا منی خزمەتکارتان بە باشی نازانم بچن، ڕاستە حەسەن عەلی خان هاوئێڵمانە، بەڵام چۆن متمانە بە کەسێک دەکەی کە باوکی خۆی کوشتووە؟"(سیاح، ٢٥٣٦، ص٢٥٦-٢٥٧). لە ڕاستیدا هەموو ئەو پیلانانەی بۆ لێکترازانی هۆزی مەنگووڕ و ڕاکێشان و لەناوبردنی هەمزاغا بوو.

هەمزاغا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کاکەڵڵای برای لەو باڵاتر نەبێت و هۆزی مەنگووڕی لێ جیانەکەنەوە، بۆیە ڕازی بوو بە دانوستان و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی قاجاری، تاوەکو لە (١٨٨١/٧/٣١) کاتژمێرێک پێش خۆرئاوابوون هەمزاغا و بەشێک لە کەسە نزیکەکانی بەناوەندگیری میرزا قاسمی قازی و قادر ئاغای دیبۆکری بۆ چاوپێکەوتن و دانوستان لەگەڵ حەسەن عەلی خان لە سابڵاخ، هاتبوونەوە ناو شار، بەڵام بە فێڵ و تەڵەکە کۆمەڵکوژ کران و سەری هەمزاغا بردرا و ناردیان بۆ تەورێز و دواتریش بۆ تاران، لەم ڕووداوەدا زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی موکریان بەشداربوون(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل١٤٦، ١٥٥، ١٥٦)؛(فیضی، ١٣٩١، ص١٤٣).

ئەم ڕووداوە کاردانەوەی ناوخۆیی دەرەکیی لێکەوتەوە، هەرچەندە لە ناو ئێڵی بڵباسدا محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش و

کاکەڵڵای برای هەمزاغا، خۆشحاڵ بوون بە کوژرانەکەی و دەوڵەتی ئێرانیش وەکو پاداشت کاکەڵڵای وەکو گەورە و سەرداری هـۆزی مەنگوڕ ناساند(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل١٥٩-١٦٠)، بەڵام ڕووداوەکە بەگشتی بـووە هـۆی بـێ متمانەیـی خەڵکـی کـورد، بە تـایبەت هـۆز و دانیشتوانی ئازەربایجان بەرانبەر حکومەتی قاجاری و هۆزە کۆچەرەکانی دژی حکومەت ورووژاند(فیضی، ١٣٩١، ص٣٤-٣٥).

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی قاجاریش بێت، کە مێژووەکەی بۆ (١٨٨١/٨/٢٢) دەگەڕێتەوە، کوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتیش نـاڕەزایی و کـاردانەوەی لێکەوتـۆتەوە، بەڕادەیەک هەر یەک لە بـاڵیۆزانی ڕووس و ئینگلیـز لە تـاران سـەبارەت بە کوشتنی هەمزاغای مەنگـوڕ، نـامەی ناڕەزاییـان داوەتە وەزارەتی دەرەوەی ئێـران و داوای ڕوونکردنەوەیـان لـێ کـردوون، چـونکە باڵیۆزخانەی ڕووسیا، لە ناڕەزایی نامەکەیـدا دەڵێـت: "هەمزاغـا لە کـاتی شـەڕ و ڕووبەڕووبـوونەوەدا دەستبەسـەر نەکـراوە، بەڵکـو هەمزاغاتـان دڵنیـاکردووەتەوە، کە پـارێزاو دەبێـت و بەمڕ پشتڕاسـتییەوە هـاتووە و ئێـوە کوشـتوتانە"(NLAI-296-013073-0007).

لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی ناڕەزایی ئەو دوو دەوڵەتە بـۆ ئەوە بووبێـت ویسـتوویانە سـوود لەو کـردەوە نـابەجێیەی حکـومەتی قاجاری وەربگرن، تا ناچاری بکەن ئیمتیازاتی سیاسی و ئابووریی زیاتریان پێ بدات، بەڵام هەرچۆنێـک بێـت حکـومەتی قاجـاری لە بەرانبەر کوشتنی ناڕەوای هەمزاغادا درکی بە کاردانەوە و ناڕەزایەتی نێودەوڵەتی کردووە(فیضی، ١٣٩١، ص١٤٢).

سەرباری ناڕەزایی باڵیۆزانی ڕووس و ئینگلیز، کاربەدەستێکی باڵای دەرباری ناسڕەددین شـای قاجـار، لە بیرەوەرییەکـانی دانی نـاوە بەو ستەمڕ و ناپاکییە، کە لە لایەن حەسەن عەلی خانی گەڕووسی و بە ئاگاداری شا، بەرانبەر بە هەمزاغا کراوە و دەڵێت: "ئەو پیلانە نەگریسە و فێڵە ناشرینەی بۆ کوشتنی هەمزاغای مەنگوڕ بەکارهات، لە ڕێبازی فـەرمانڕەواکانی ئێـران ڕێگـە پێـدراو و بـاوە، بـەبێ بەڵێنی و ناپیاوی هـەژمار ناکرێـت و لـە بـەردەمڕ پاشا جێگـەی ڕێـز و دەستخۆشـیە"(فرمانفرمائیان، ١٣٧٠، ص٧٦). بەڵگەنـامەیەکی عوسمانییش، کە لە لایەن نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە شاری ساباڵخ ئاراستەی کاربەدەستانی وڵاتەکەی لە ئەسـتەمبووڵ کـردووە، سەرباری ئاماژەدان بە ڕۆڵ و کاریگەری هەمزاغا و هۆزەکانی بڵباس لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵادا، هەروەهـا دەڵێـت: "... دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر هەمزاغا و هۆزی مەنگووڕدا دەستەوەستان مـابۆوە، تـاوەکو دواتـر بڕیـاری لـێ خۆشـبوونیان بـۆ ئاغـای نـاوبراو دەرکرد و لە میواندارییەکی ساختە بە خیانەت کوشتیان..."(BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2).

کوژرانی هەمزاغا لە جاران زیاتر کۆنفیدراسیۆنی بڵباسی بەرەو لێکترازان و نەمان برد و هیچ کەس و هۆزێک لە ناوچەی موکریانـدا نەما بە ڕووی سیاسەتی دڕندانەی قاجارەکان بوەستێتەوە و بەرگری لە خەڵکی کورد بکـات، کاربەدەسـتانی قاجـاری لە جـاران زیـاتر گۆڕەپانەکەیان بۆ تەخت بووە، کەوتوونەتە وێزەی هۆزەکان و وەرگرتنی باج و سـەرانەی زۆر لێیـان، لەو کـاتەوە زۆربەی هۆزەکـانی بڵباس کەوتنە گوێڕایەڵی دەوڵەتی قاجاری، جگە لە هۆزی پیران نەبێت، کە ماوەیەکی زۆریـان بە ئـاوارەیی و کـۆچەرییەتی لە خـاکی (باشووری کوردستانی) ژێر دەستی عوسمانی بەسەر بردووە، ناسڕەددین شای قاجار ئامادە نەبووە لە هۆزی پیرانی بڵباسـیش خـۆش ببێت، تاوەکو لە ساڵی (١٨٩٦) کۆچی دوایی کرد و موزەفەرددین شـا (١٨٩٦-1907)ی کـوڕی لەسـەر تەخـت دانیشـت، ئینجـا بڕیـاری لێخۆشبوونی بۆ هۆزی پیران دەرکراوە و گوندەکانی لاجانی پیرانی بۆ گەورەکانی هۆزی پیران گەڕاندەوە(فاضلی، ١٣٩٨، ص١٠٦).

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی خوێندنەوە و شەنوکەوکردنی بەڵگەنامە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەمڕ ئەنجامانەی خوارەوە:

١- خراپی و نالەباری ئەو دۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی قاجارەکان لە ناوچەکانی موکریان و بڵباسنشیندا هێنابوویانە ئاراوە، هۆکاری سەرەکی و پاڵنەر بوو بۆ هۆزەکانی بڵباس تاوەکو لە دەرفەتێکدا، کە بۆیان هەڵکەوێت خۆیان لە حوکمی قاجارەکان ڕزگار بکەن و لە دژیان ڕاپەڕن.

٢- پەیوەندییەکی لەمێژینە و کۆن لە نێوان بڵباسەکان و بنەماڵەی شێخانی نەهریدا هەبووە، کە بۆ سەردەمانی پێش شێخ عوبەیدوڵڵا دەگەڕێتەوە، ئەو پێگە ئایینی و ئیرشادییەی شێخەکانی نەهری لە ناوچەی موکریان و بڵباسنشیندا هەیانبوو، یارمەتی داون بۆ ڕاکێشانی ئێڵی بڵباس و هۆزەکانی دیکەی کورد بۆ ناو شۆڕشەکە.

٣- هەرچەند هەڵگیرسانی شۆڕشەکە لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلاوە ڕەهەندێکی ڕزگاریی نەتەوەیی هەبوو، بەڵام بەشداریی بڵباسەکان لە شۆڕشەکەدا، ئەوەندەی وەک پەرچەکردارێکی هۆزایەتی وابوو لە دژی زوڵمڕ و سیاسەتی خراپی کاربەدەستانی قاجاری، ئەوەندەی تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی لەپشتەوە نەبووە.

٤- بڵباسەکان بەشداریی گەورە و کاریگەریان لە شۆڕشەکەدا کردووە، تەنانەت دوای شکستی شۆڕشەکەش زۆربەیان ژیانی ئاوارەییان هەڵبژاردووە و بە ئومێدی بەرپاکردنەوەی شۆڕش و ڕزگاربوون لە هەڕەشە و مەترسییەکانی حکومەتی قاجاری،

پەیوەندییان لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلادا هێشتووەتەوە، ئەمەش ڕق و تووڕەیی شا و کاربەدەستانی قاجاری بەرانبەر هۆزەکانی بڵباس زیاتر کردووە و بڕیاری لەناوبردنی خەڵک و ناوچە بڵباسنشینەکانیان جێبەجێ کردووە.

٥- سەرباری ئەوەی لەشکری هۆزە کوردەکان بەگشتی و لەشکری بڵباسەکان بە تایبەتی، هۆکاری بەهێزی شۆڕشەکە بوون، بەڵام هاوکات ئەم لەشکرە کە لەسەر بنەمای هۆزایەتی دامەزرابوو، هۆکارێکی سەرەکی لاوازبوون و شکستی شۆڕشەکەش بوو، چونکە تەنیا گوێڕایەڵییان بۆ سەرۆک هۆزەکانیان هەبووە، خاوەنی هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی سەربازی ئەوتۆ نەبوونە، بۆیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی بەرژەوەندییەکانی هۆزەکە لەگەڵ شۆڕش، ڕۆڵی لەشکرەکەشیان کۆتایی پێهاتووە و لە بەرەکانی شەڕ کشاونەتەوە.

٦- بەشداریی ئێلی بڵباس لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا و دواتریش شکستی شۆڕشەکە، یەکێتیی تیوریزەکانی ئێلی بڵباسی بەرەو لێکترازانی زیاتر بردووە، قاجارەکان لە جاران زیاتر جڵەوی هۆزەکانی بڵباسیان کەوتووەتە دەست و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیان نەک لە ناو کۆنفیدراسیۆنی بڵباس، بەڵکو لەناو خودی یەک هۆزیشدا پەیڕەو کردووە، بە ئامانجی ئەوەی هۆزەکانی بڵباس جارێکی دیکە نەتوانن مەترسی بۆ دەوڵەتی قاجاری دروست بکەنەوە.

٧- هۆزەکانی بڵباس و ناوچە و گوندەکانیان، لەسەر دەستی سوپای قاجاری و خەڵکی ناوچە عەجەمنشینەکان، دووچاری کوشتوبڕ و تاڵانی و وێرانکردن بوونەوە، ئەمەش ناچاری کردن ئاوارەی ناو خاکی عوسمانی ببن و لە دۆخێکی کوللە مەرگیدا ژیان بەسەر ببەن، تەنانەت کاربەدەستانی قاجاری لە ئاوارەیشدا هەمزاغای سەرۆک هۆزی مەنگوڕی بڵباسیان بە مەترسی لەسەر خۆیان زانیوە، هەربۆیە پیلانی غافڵگیرکردن و کوشتنیان لە دژی هەمزاغا جێبەجێ کردووە.

**پەراوێزەکان:**

(1) شۆڕش دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە،کە ئامانج لیی گۆڕانکاری ڕیشەیی و سەرتاسەرییە لە قەڵەمبازێکی مێژوویدا، شۆڕش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: شۆڕشی نەتەوەیی، شۆڕشی دیموکراتی، شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی چینایەتی، شۆڕشی تەکنەلۆجی و... هتد، سنوورێکی کۆنکریتیش نیە تا لەگەل چەمکەکانی دیکەی گۆڕانکاری وەک (چاکسازی، کودەتا، ڕاپەڕین و یاخیبوون و هتد) تێکەڵ نەبن. بڕوانە: (بشارە، بەبێ ساڵ، ل٧).

(٢) بۆ زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، بڕوانە: (جوەید، ٢٠٠٧، ل٥٥-٥٧؛ هەروتی، ٢٠٠٧، ل١٥-١٧).

(٣) هەمزاغای مەنگوڕ لە ماوەی ساڵانی (١٨٥٤-١٨٨١) سەرۆک هۆزی مەنگوڕ بووە، کەسایەتییەکی سەربازی و کۆمەڵایەتی بەهێز و کاریگەری هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی هۆزە کوردەکان و هەمیش لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری هەبووە، ئەمەش وایکرد بوو هەر چەند بە فەرمی سەرۆکی ئێلی بڵباس نەبووە، بەڵام بە هۆی لێهاتووی و چاونەترسییەوە توانیبووی هۆزەکانی دیکەی هاوسنووری مەنگوڕ، لەوانە مامەش و دیبۆکری و پیران و گەورک و ...هتدد بخاتە ژێر فەرمان و کۆنترۆڵی خۆیەوە و کاروباری ناوخۆی ئەم هۆزانە، بەتایبەتی دانانی سەرۆکی هۆزەکانی ڕێکخستووە و دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی ئەم هۆزانەدا هەبوو. بڕوانە: (جمیل، ٢٠٢٣، ص١٦).

(٤) کورتکراوەی (BOA) لە دەستەواژەی (Başbakanlık Osmanlı Arşivi) وەرگیراوە، کە مەبەست لێی ئەرشیڤی عوسمانی سەر بە سەرۆکایەتی وەزیرانی حکومەتی نوێی تورکیایە.

(٥) کورتکراوەی (NLAI) لە (National Library and Archives of Iran) )سازمان اسناد و کتابخانەی ملی ایران) وەرگیراوە و مەبەست لێی ناوەندی بەڵگەنامە و کتێبخانەی نیشتیمانی ئێرانە.

(٦) ئەحمەد بەگ سەرۆک هۆزی بایەزیدە، هەمیشە لایەنگیر و دڵسۆزی دەوڵەتی ئێرانی بوو، لە سەروبەندی شۆڕشدا، مەیلی دەوڵەت ئێرانی بووە و هەر زوو پەیوەندی بە سوپای ئێرانییەوە کردووە، بۆیە پێگەیەکی دیاری لەلای کاربەدەستانی ئێرانی هەبوو، بە تایبەت بۆ ڕاکێشان و دروستکردنی دووبەرەکی لەناو هۆزە کوردییەکان، بە تایبەتی لە بابەتی خۆ تەسلیمکردنەوەی هەمزاغای مەنگووڕدا، بڕوانە: (عەزیز، ١٩٩٩، ل١٠٣-١٠٤).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:**

**- بەڵگەنامە عوسمانییەکان:**


- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_2_1.
- BOA: A_} MKT_MHM__486_28_3_1.
- BOA: A_} MKT_MHM__486_28_4_1.
- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_5_1.
- BO A: A_}MKT_MHM__486_28_6_1.
- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_7_1.
- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_8_1.
- BOA: HR_MKT__688_95_31_2.
- BOA: HR_MKT__982_43_1_1.
- BOA: HR_MKT__1081_32_2_1.
- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2.
- BOA: Y__PRK_ASK__4_85_1_1.


**ب- بەڵگەنامە قاجارییەکان:**


- NLAI-295-3516-3.
- NLAI-295-3516-4.
- NLAI-296-13005-4.
- NLAI-296-13003-2.
- NLAI-296-13003-4.
- NLAI-296-13073-5.
- NLAI-296-13073-11.
- NLAI-296-13078-3.
- NLAI-296-13078-4.


**دووەم: بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:**

**أ- بە زمانی فارسی:**


- محمود، محمود. (١٣٥٣) تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلیس در قرن نوزدهم میلادی، جلد چهارم، چاپ چهارم، انتشارات شرکت نبی اقبال و شرکا، تهران.
- نصیری، محمد رضا. (١٣٧١) اسناد و مکاتبات تاریخی ایران قاجاریه، جلد سوم، انتشارات مؤسسه کیهان، تهران.
- وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران. (١٣٦٩) گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی: دوره قاجاریه جلد دوم، واحد نشر اسناد، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.
- وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران. (١٣٧٠) گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی: دوره قاجاریه جلد سوم، واحد نشر اسناد، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.


**ب- بە زمانی کوردی:**


- ئەفشار، عەلی خان گۆنەخان. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- جوەید، وەدیع. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی دا، وەرگێڕانی:محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- حەمە باقی، محەمەد. (٢٠٠٠) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ز لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- حمە باقی، محەمەد. (٢٠٠٢) ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤-١٨٨١، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- حەمە باقی- أ، محەمەد. (٢٠٠٧) کورد لە بەڵگەنامەی قاجارییدا (إفتتاح ناصری)، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- حەمە باقی-ب، محەمەد. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر.
- عەزیز، جەمال میرزا. (١٩٩٩) لە تاریکی یەوە بۆ ڕووناکی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- غۆریانس، ئەسکەندەر. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنی دا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
- گەڕووسی، حەسەن عەلی خانی. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**سێیەم: کتێب:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

- ابراهیم زادە، کامبیز (کۆکەرەوە و ئامادەکار). (١٤٠٠) مێژووی زارەکی باپیر ئاغای قادری مامەش، پێداچوونەوەی: موزەففەر قادری، مهاباد.
- بشارە، عەزمی. (بەبێ ساڵ) شۆڕشناسیی، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها.
- بورزوویی، موجتەبا. (٢٠٠٥) بارودۆخی سیاسی کوردستان(١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی: نازناز محەمەد عەبدولقادر ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- جرارد، مانتێگیۆگیلبێرت. (٢٠٢١) یادداشتەکانی سەفەرێک بە نیو کوردستاندا، زستانی ١٨٨١-١٨٨٢، وەرگێڕانی، کەمال حەسەنپوور، وەشانخانەی مادیار، سنە.
- جەلیل، جەلیلی. (١٩٨٧) ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بەغداد.
- خەلفین، ن. أ.. (2017) ململانێ لەسەر کوردستان، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپخانەی تاران.
- سابڵاخی، میرزا عەبدولڕەحیمی. (١٩٩٩) بیرەوەرییەکانی وەفایی(تحفة المریدین)، کۆکردنەوەی قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: محەمەد حەمە باقی.
- سەردەشتی، یاسین. (١٩٩٩) گەلی کورد و بزاڤی مەشرووتەخوازی لە ئێران(١٩٠٥-١٩١١)، بەبێ شوێنی چاپ.
- سەردەشتی، یاسین. (٢٠١١) کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپخانەی سیما، چاپی دووەم، سلێمانی.
- سەردەشتی، یاسین (ئامادەکار و وەرگێڕ). (٢٠١٩) هەواڵی کوردستان وکورد لە بەڵگەنامە و ڕۆژنامە بریتانیی و ئەمریکییەکاندا، بەرگی سێیەم.
- عەبدوڵڵا، نەجاتی. (2015) کوردستان و کیشەی سنووری ئێرانی – عوسمانی (1639-1847)، چاپی دووەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- عەلیاوەیی، عەبدوڵڵا. (2004) کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
- گیلان. (٢٠٠٤) کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی.ن.ک، سلێمانی.
- لازاریف، م.س.. (2012) مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چ5، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- میرزای قاجار، شازادە نادر. (١٣٨٩) ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و هەمزاغای مەنگور، وەرگێڕانی: محەمەد ئەمین بێژەنی، بڵاوکراوەی ناوەندی فرهنگی هیوا، مهاباد.
- میهرداد، ئەکرەمی. (٢٠٠٧) کورد و گەڕان بە دوای خۆدا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- هەروتی، سەعدی عوسمان. (٢٠٠٧) بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠-١٩٣٩)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**ب- بە زمانی فارسی:**

- بیگباباپور، یوسف و غلامیە، مسعود. (١٣٩٠) فتنە شیخ عبیداللە کرد( گزارشهایی از وقایع حملە اکراد بە صفحات اذربایجان در دورە قاجار)، چاپخانە فرشیوە، انتشارات موزە و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران،
- حکیم زادە، فریدون. (١٣٨٩ شمسی) ساوجبلاغ مکری (مهاباد در ایینەی اسناد تاریخی)، انتشارات مرکز نشر فرهنگی هیوا، مهاباد.
- سیاح، حمید. (٢٥٣٦ شاهنشاهی) خاطرات حاج سیاح یا دورە خوف و وحشت، چاپ دوەم، چاپخانە سپهر، تهران.
- صمدی، سید عبداللەی. (١٣٦٤شمسی) منظومە کردی حمزة اقای منگور، مترجم: سیدمحمدىصمدى، ناشر رهرو، مهاباد.
- فاضلی، میرزا ابراهیم. (١٣٩٨) تاریخ مامش، مقدمە و تصحیح: کامران ثنائی، چاپخانە گوتار، سەقز.
- فرمانفرمائیان، حافظ. (١٣٧٠) خاطرات سیاسی میرزا علی خان امین الدولە، چاپ سوم، چاپخانە سپهر، تهران.
- فیضی، کیومرث. (١٣٩١) قیام شیخ عبیداللە شمزینی(نهری) در دورەی ناصرالدین شاە قاجار، انتشارات جوهر حیات، ایلام.
- ملك آراء، عباس میرزا. (1361) شرح حال عباس میرزا ملك آراء، بەکوشش: دکتر عبدالحسین نوائی، انتشارات بابك، تهران.

**ج- بە زمانی ئینگلیزی:**

- Keskin, Necat. (2017) Nationalistic Sense and Kurdish Politics in the Last Century, Kovara Nûbihar Akademiyê, Jimar 7, sal 4., Istanbul.

**چوارەم: نامە و تیزە زانکۆییەکان:**

- جميل، زينه طه. (٢٠٢٣) همزة أغا منگور، رسالة ماجستير، غيره منشورة، فاكولتي العلوم الإنسانية، جامعة زاخو.

**پێنجەم: لێکۆڵینەوە و گۆڤارەکان:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

- الروزبیانی، محمد جمیل. (١٩٨٧) ثورة الشیخ عبیداللە علی الحکومة القاجاریة، مجلة المجمع العلمي العراقي (الهیئة الکردیة)، المجلد (١٦-١٧)، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بەغداد.

**ب- بە زمانی فارسی:**

- صمدی، سید محمد. (٢٠١٣) ساوجبلاغ مکری مقارن انقلاب مشروطیت، گۆڤاری مهاباد، ژمارە (١٤٦).

**قبائل بلباس و ثورة الشيخ عبيدالله نهري (1880)**

**بەختيار مصطفى هومر**
قسم التاريخ ،كلية الاداب،الجامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
bakhtyar.homar@su.edu.krd

**دلشاد محمود عبدالرحمن**
قسم التاريخ ،كلية الاداب،الجامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
dilshad.m.a@su.edu.krd

**الملخص**
بلباس في القرن التاسع عشر كان اتحاداً قبلياً، يتكون من قبائل مامش، منكور، پيران، سن، رمك، هورمزيار و كورك، كان معظمهم من البدو الرحل وشبه الرحل يسكنون بالقرب من المناطق الحدودية بين الدولة العثمانية (في الولاية الموصل و شارزور) والدولة القاجارية، عاشوا وسافروا في منطقة موكريان بدولة قاجارية، لذلك غالبًا ما تعرضوا للهجوم من قبل هاتين الدولتين، مما أجبرهم على أن يكونوا في حالة من عدم الاستقرار والتمرد والانتفاضة، والمشاركة في أي حركة وثورة تحدث في المنطقة، وذلك من أجل التخلص من الظلم الذي تعرضوا له من قبل الدولتين، لذلك شاركوا في ثورة الشيخ عبيدالله نهري (1880) وأصبح مسلحوا قبائل بلباس، وخاصة في الجبهة موكريان، القوة الرئيسية للثورة. بعد فشل الثورة هاجمت حكومة القاجار بوحشية أهالي وقرى قبائل بلباس، كان هناك الكثير من القتل والدمار والنهب، في الوقت نفسه، نزح العديد من قبائل بلباس إلى الأراضي العثمانية وكانوا يعيشون في ظروف صعبة. هذا الاوضاع لفت انتباه الباحثين وتسائلوا، عما إذا كانت دولة القاجار بأي روح قاسية وانتقامية قد وقعت على حياة أبناء المناطق الثورية بشكل عام ومناطق بلباس بشكل خاص، لذلك من الضروري البحث عن معلومات في وثائق أيام الثورة في المحفوظات العثمانية والقاجارية، من أجل إظهار الدمار والمأساة التي تعرض لها أبناء مناطق موكريان و قبائل بلباس.

**الكلمات المفتاحيية:** بلباس، حمزه اغا، الدولة العثمانية والقاجارية، الشيخ عبيدالله.

**The Belbas Tribes and The Revolt of Sheikh Ubaidullah Nahari (1880)**

**Bakhtyar Mustafa Homar**
Department of History, College of Art,
Salahaddin University- Erbil-Erbil, Kurdistan
Region ,Iraq.
bakhtyar.homar@su.edu.krd

**Dilshad Mahmoud Abdulrahman**
Department of History, College of Art,
Salahaddin University- Erbil-Erbil, Kurdistan
Region, Iraq.
dilshad.m.a@su.edu.krd

**Abstract:**
Belbas was a tribal union, in the nineteenth century consisting of the tribes of Mamash, Mangur, Piran, Sen, Ramk, Hormzyar and Gowrk, they lived and moved mostly in a nomadic and semi-nomadic manner near the border areas between the Ottoman states in Mosul and Sharazoor provinces on the one hand and in the Mukriani region of the Qajar state on the other. Therefore, they were often attacked by these two states, This situation forced them to be in a state of instability, rebellion and uprising and to participate in any movement and revolution that occurred in the region in order to get rid of the oppression by the two states, Therefore, they participated in the revolution of Sheikh Obaidullah in (1880) and the army of the tribes of Belbas, especially on the Mukriyan front, became the leader of the army of the revolution and participated in it, After the failure of the revolution, The Qajar government brutally attacked the people and villages of the Belbas tribes, killing, destroying and looting them, At the same time, many of the Belbas tribes were displaced in Ottoman territory and lived in misery, This situation has attracted the attention and questions of the researchers, With what cruel and revengeful spirit did the Qajar state attack the people of the revolutionary areas in general and the Balbas areas in particular, Therefore, it is necessary to search for information in the documents of the revolutionary days in the Ottoman and Qajar archives to show the destruction and tragedy that was committed against the people of Mukriyan and Balbas tribes.
**Keywords:** Belbas, Hamzagha, Ottoman and Qajar, Sheikh Obaidullah.